# بارودۆخی سیاسی و ڕەنگدانەوەی
# لە ڕۆمانی کوردیدا


**پ.ی. د. سلیم ڕەشید ساڵح**
**زانکۆی سەلاحەدین**
**کۆلێژی پەروەردە**
**بەشی زمانی کوردی**

**عەبدوڵلا ڕەحمان عەولا**
**زانکۆی سەلاحەدین**
**کۆلێژی پەروەردە/ مەخمور**
**بەشی زمانی کوردی**


## پێشەکی

ڕۆمان ئەو ژانرەیە کە بەهۆی پانتاییە فراوانەکەیەوە لە توانایدا هەیە واقیعی ژیانی کۆمەڵگە و مرۆڤ و جەنجاڵییەکانیان لە چوارچێوەی خۆیدا کۆبکاتەوەو و ڕاڤەیان بکات، چونکە ڕۆمان لەناو خودی کۆمەڵگە لەدایک دەبێت و لەلایەن تاکێک لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کە ڕۆماننووسە دێتە بوون و دەنووسرێتەوە، بەدەوری خۆشی هەوڵ دەدات کۆمەڵگە لە دۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی پێشکەوتووتر و تاک لە ئاستێکەوە بەرەوە ئاستێکی گەشەسەندووتر ببات. بەمشێوەیە ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی پانتاییەکی فراوانی هەیە و تەواوی لایەن و ڕەهەند وبوارەکانی کۆمەڵگە تێیدا ڕەنگ دەدەنەوە، ئەمەش وای کردووە ڕۆمان لە ئەمڕۆدا ببێتە یەکێک لە ژانرە زیندووەکانی سەردەم، چونکە هیچ ژانرێکی دیکەی وەکو شیعر و چیرۆک و شانۆ بەشێوەیە ناتوانن کێشەو گرفتەکانی تاک و کۆمەڵگە دەرببڕن، دیارە لێرەدا ڕۆمان ڕاستەوخۆ بەشدار دەبێت لە خستنەڕووی ئەو کێشەو گرفتانەی کە کۆمەڵگە بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، بەمە هۆیەشەوە توانیویەتی زیندوویەتی و باڵایەتی بە خۆی بدات و دەرگاکانی بەرووی ئاگایی و هۆشیاری والا بکات. بۆیە لە ڕێگەی ڕۆمانەوە گۆشەنیگای واقیع و ژیانی مرۆڤ بەدی بکەین و ڕۆماننوسیش بەهۆیەوە دەتوانێت دیدو بۆچوون و تێڕوانینەکانی لەبەرانبەر کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگەکەی خۆی بخاتەڕوو، بەتایبەتیش کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە لایەنی سیاسی کراوەو ڕەهەندە سیاسییەکانی ناو ڕووداوی ڕۆمانەکاندا جەختی لەسەر کراوەتەوە. بەمەش پەیوەندیی پتەو و بەتینی



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕۆمان بە کۆمەڵگە بەدیار دەکەوێت، بەشێوەیەک کە دەتوانین لەڕێگەی دەقەکانەوە، گۆشەنیگا و جیهانبینی ڕۆماننوسەکان لەبەرانبەر واقیعی کۆمەڵگەکەی بدۆزینەوە، چونکە ڕۆمان لەتوانایدا هەیە تەواوی لایەن و ڕەهەندەکانی کۆمەڵگە شەن و کەو بکات و هەموو تێڕوانین و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە بەرچاو بخات، کە لەوانەیە دواجار کۆمەڵگە ناچار بە شێوازێکی دیکەی بیرکردنەوە بکات و راستەرێگای گۆڕانکاری و وەرچەرخان و پێشکەوتنەکانی روون بکات و ڕێرەوی هزری و گەشەسەندنی لایەن و ڕەهەندەکانی بەرچاو بخات، چونکە ڕۆمان وەکو دەقێکی کراوە هەمیشە ئامادەی فراوانبوون و نوێبوونەوەی هەیە و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە هەڵدەکات و شێوەو شێوازی نوێی گێڕانەوە دەگرێتەبەر لەپێناو گەیاندنی پەیام و ئامانج و مەبەستەکانییەوە.

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە زیاتر کارکردن بووە لەسەر پەیوەندی ڕۆمان و کۆمەڵگە، کە ئەم باسەش دەمانباتەوە سەر باسی کۆمەڵناسی ڕۆمان وەکو لقێک لە لقەکانی کۆمەڵناسی ئەدەب. ئەم بابەتش لە ڕەخنەی ڕۆمانی کوریدا و بەتایبەتیش لە ئاستە ئەکادیمییەکەی بەژمارەیەکی زۆر کەم کاری لەسەر کراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە ، لەبەشی یەکەمدا لەڕووی تیۆرییەوە پەیوەندییەکانی ئەدەب بەگشتی لەگەڵ کۆمەڵگە روون کراوەتەوەو جەخت لەسەر لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەو پەیوەستبوونیان بە ئەدەب روونکراوەتەوە.

لەبەشی دووەمیشدا لایەنی سیاسی و ڕەنگدانەوەی لەناو بەشێک لەڕۆمانەکانی کوردیدا دیاریکراوەو تیشکی خراوەتە سەرو لە کۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بەرچاوخراوە.

## بەشی یەکەم
## ئەدەب و کۆمەڵگە

پەیوندییەکانی نێوان چەمکی ئەدەب و چەمکی کۆمەڵگە، پەیوندییەکی لەمێژینەو دێرینەو هەر لەو کاتەوە کە مرۆڤ شیانی ئەوەی هەبووە دیاردە سروشتییەکانی دەوروبەری لێکبداتەوەو شرۆڤەیان بکات، چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکانی تێکەڵ بە کارەکانی ڕۆژانەی خۆی کردووە، دواجار ئەم هەوڵدانەی مرۆڤ لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان لەگەڵ شیعر و سرووتە ئاینییەکان و ڕێوشوێن و جەژنەکاندا ئاوێزان بووە، ئەمەش وای لێکردووە پەیوندییەکی بەهێز بەو واقیعەی کە تێیدا دەژی دروست بکات و هەوڵەکانیشی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی لێی تێبگات (( تەنانەت لەسەرەتایی ترین قۆناغی ژیانی مرۆڤایەتیدا هەوڵی داوە لە ڕێگای هونەرەوە لە واقیع تێبگا، چونکە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی واقیع هەنگاوی یەکەمە بۆ کۆنترۆڵکردنی))(مەجید مەحمود،٢٠٠٨، ل٥) و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیەتی , ئەمەش هێزی گەورەیی مرۆڤ لەبەرامبەر واقیع و کۆمەڵگەکەی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بیری مرۆڤدا کە هێشتا نووسین نەبووە ، پیشان دەدات. ئەو پەیوەندییەی کارەکانی مرۆڤی بە کۆمەڵگەکەی بەستۆتەوە، پەیوندییەکی سادەو ساکار، بەڵام بۆ سەردەمەکەی خۆی پەیوندییەکی پڕ لەداهێنان بووە. مرۆڤ لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا ژیانی ڕۆژانەی خۆی لە شێوەی هەڵکەندنی وێنەکانی سەر دیواری ئەشکەوتەکانەوە هەڵکەندووە، دەکرێ ئەو وێنانەش بەسەرەتایەکی سادەو ساکاری ئەدەب و هونەر لەقەڵەم بدەین، چونکە بەهۆی ئەو وێنانەوە ئاشنای ژیانی ڕۆژانەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ژیارییەکانی مرۆڤی کۆن دەبین، بەو واتایەی ئەو وێنانە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە بووەو هزرو ئەندێشەکانی مرۆڤی کۆنی لەدیدە گرتووە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین ئەدەب و هونەر لەڕووی مێژووییەوە تەنیا وەکو هۆکارێکی چێژبەخشین و پەروەدەیی نەهاتۆتە کایەوە، بەڵکو فۆرمێک بووە بۆ گەشەسەنی مەعریفەی مرۆڤایەتی لەبارەی جیهانەوە، بێگومان کۆمەڵگە بوونێکی کۆنتر و لەپێشینەتری هەبووە لە چاو ئەدەب، بۆیە ئەدەب لەوکاتەوە سەریهەڵداوە کە پەیوەست بووە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەسروشتی کۆمەڵگەوەو لەرێگای کێشانی وێنەکانی ناو ئەشکەوتەکانەوە یەکەم زانیاری و مەعریفە لەبارەی جیهان و ئەو دەوروبەری کە مرۆڤی تێیدا ژیاوە هاتۆتەکایەوە (غروموف و کاجلان، ؟، ص ١١١٢). هەر وەکو ئاشکرایە لەسەردەمەکانی دواتری پێشکەوتن و گەشەکردنی مرۆڤایەتیدا، پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگەو ئەدەب پتەوتر و چڕوپڕتر بووەیەوەو پەیامی ئەوە دەگەیەنن کە کۆمەڵگە لە حاڵەتی بزاڤی بەردەوامی خۆیدا هەمیشە ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ چالاکییە ئەدەبییەکان و لەرێگای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە زەمینەیەکی لەباری بۆ خۆنوێکردنەوەی چەمکە ئەدەبییەکان ڕەخساندووە.

یەکێک لە ڕاستییەکانی ئەدەبیش بەهەموو فۆرم و ژانرەکانییەوە ئەوەیە کە ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی بەردەوامی ژیان و کۆمەڵگەیە، چونکە ژیانی مرۆڤ و هزرو سەردەمەکەی هەردەم لە پرۆسەیەکی گۆڕانکارییدان و لەسەردەمێکەو بۆ سەردەمێکی دیکە و بەپێی جیاوازی ڕۆشنبیری و ڕووداوەکان و ژینگەی دەروبەرەوە، جیاوازی و هەمەجۆری بەخۆیانەوە دەبینن، هەروەها ئەدەبیش هەر چەندە ڕەنگدانەوەی حەزو ئارەزووەکانی تاک بێت و هەر چەندەش سۆزو ویژدانی لەپلەیەکی باڵادا نمایش بکات و ئەزموونێکی بێگەردی خودی ژیانی نووسەرەکەی بێت، ئەوا هەرگیز ناتوانێت گۆشەگیر بێت و دوور لە ژیان بوەستێت و لە بەهاکانی سەردەمەکەی خۆیدا دابیڕێت (محمد زكي العشماوي،٢٠٠٩، ص ٣).بەمەش ئەدەب لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەدا لەرێگای کارە ئەدەبییەکانەوە دەتوانێت بەشدارییەکی کارا لە گۆڕانکارییەکاندا بکات و ئاراستەی بزاڤی بەرەو پێشچوون و پێشکەوتن بگرێتە دەست، بەم ڕەنگەش ئەدەب لە ڕێگای ئاوێتەبوونی سێ سیستەمەوە وێنای کۆمەڵگە دەکات (د. رودان اسمر مرعي،٢٠١٣، ص٨):

1ــ <u>سیستەمی مادی</u>: کە سەرجەم بێگیانەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە کە دەق وێنای دەکات و هەموو پێداویستییەکانی مرۆڤ لە نیشتەجێبوون و خواردن و جلوبەرگ و هۆیەکان گواستنەوە و گەیاندن و سەرجەم لایەنە و ئامرازەکانی دیکەی ژیان دەگرێتەوە .

2ـ <u>سیستەمی ژیاری</u>: کە سەرجەم گیانلەبەرە زیندووەکان و ڕووەکییەکان دەگرێتەوە، تەنیا مرۆڤ نەبێت، چونکە مرۆڤ سیستەمێکی سەربەخۆیە لەناو کۆمەڵگەی دەقدا.

3ـ <u>سیستەمی مرۆڤایەتی</u>: سەرجەم مرۆڤەکان بە جیاوازی ڕەگەزو تەمەن و ڕەنگ و نەتەوەو زمان دەگرێتەوە و کەئەمەش بە ناوکی کۆمەڵگەکە لەقەڵەم دەدرێت، چونکە مرۆڤ کە هەر خۆی ئەدەب بەرهەم دەهێنێ، خۆشی وەرگری پەیامەکانی کارە ئەدەبییەکانە، بۆیە مرۆڤ سەنتەری پرۆسەی ئەدەبییە، لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەش لە گۆشەنیگای ئەدەبەوە، لەبارەی مرۆڤ و دیاریکردنی ئەو سوودانەیە کە مرۆڤ پەرەی پێ دەدات و دەستنیشانکردنی ئەو زیانەشە کە مرۆڤ لێی دوور دەکەوێتەوەو هەوڵی بنەبڕکردن و چارەسەرکردنی دەدات.

بەمشێوەیە کۆمەڵگا بنچینەو بناغەی ژیانی مرۆڤایەتی و زیندوویەتی بە سیستەمی مرۆڤایەتی دەبەخشی و کاری لێدەکات و گەشێکی گونجاوی تێدا دەخولقێنێت کە ئەدەب پێویستییەتی .

لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت ئاماژە بە چەند بنەمایەک بکەین کە خەسڵەت و سیما و ئەدگارەکانی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دیاری دەکەن، لەوانەش:

1 ـ **دان و بەخشین:** ئەدەب و کۆمەڵگە بەپرۆسەیەکی دان و بەخشین تێپەڕ دەبن، بەو پێیەی کە ئەدەب بەشێک لە سیفات و خەسڵەتەکانی خۆی کە بریتییە لە دەق و دەرهاوێشتەکانی لە جوانی و چێژبەخشین و فراوانکردنی زانیارییەکانی تاک بۆ ناو بوارە ڕۆشنبیری و کلتوررییەکان دەگوازێتەوەو لەو ڕێگەیەوە هەوڵی بەشداربوونی لە سیستەمەکانی کۆمەڵگە دەکات و وەکو بەشێکی زیندووی کۆمەڵگە لە بزاڤ و چالاکی دا دەبێت. لەبەرامبەریشدا سوود لە ئامراز و بوارەکانی کۆمەڵگە وەردەگرێت و لەناو هەوێنی دەقدا لەچوارچێوەی بابەتەکانیدا بەبەمەستی گەیشتن بە چارەسەری و دەستنیشانکردنی کێشەو گرفتەکانەوە، بەکاریان دەهێنێت. کۆمەڵگەش لەبەرامبەردا


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

بەشێک لە خەسڵەت و ئەدەگارەکانی خۆی بە ئەدەب دەبەخشێت و هەوڵیش دەدات لەڕێگەی ئەدەبەوە چارەسەری بۆ کێشەو گرفتەکان بدۆزێتەوەو ئیستاتیکای ڕۆحی بۆ تاکەکانی دەستەبەر بکات و چێژیان پێ ببەخشێت. بەم شێوەیە جۆرێک لە دان و بەخشین لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگەدا هەیە کە ڕەنگرێژی پەیوەندییەکانیان دەکات، دەبێ ئەوەش بزانین ئەم دان و بەخشینەش بەزۆری نییەو بەڵکو لەڕێگەی رایەڵەکانی سیستەمەکانی خودی کۆمەڵگە دێتەئاراوە و جۆرێک لە هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و مەعریفە لەنێوانیاندا بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە چ لەرووی تاک و چ لەرووی کۆمەڵەوە بێت، دێنێتەکایەوە .

**2- کاریگەری و کارلێکردن:** پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە پەیوەندییەکی ئاوێتەییەو هەر یەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەوی دیکەدا هەیە، ئەو کارلێکردنەش لەنێوانیاندا وای کردووە لەلایەکەوە ئەدەب ڕەنگدانەوەی لایەن و بوارەکانی کۆمەڵگە بێت و لەلایەکی دیکەشەوە کۆمەڵگە یاسا و ڕێسا و بنەماکانی لەسەر چالاکییە ئەدەبیەکاندا بسەپێنێ. ئەو کاریگەری و کارلێکەی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بەدوو دیودا خۆی نمایش دەکات، بەدیوێکیان بەرهەمێکی کۆمەڵی دێنێتەکایەوە کە گوزارشت لە ئامانج و مەبەستەکانی کۆمەڵگە دەکات، بەدیوەکەی دیکەشییەوە چونکە ئەدەب هاوسەنگییەک لەنێوان خەیاڵ و واقیع دروست دەکات، بۆیە لە بەرهەمهێنانی دەقدا پرۆسەکە دەچێتە چوارچێوەی پەیوەندی تاک بە کۆمەڵگەوە ((کەواتە پرۆسەیەکی کارتێکەری و کارتێکراوی تەواو لەنێوان تاک و کۆمەڵ لەبوارەکانی هونەرو ئەدەبدا هەیە، مەبەست لەم پرۆسەیەش بالابوونی کۆمەڵ و خێری هەردوولایەنەیە)) (ئازاد عبدالواحید کەریم، ٢٠٠٥،ل٢٧)، بەو واتایەی کە هەم کۆمەڵ و هەم تاکیش لەم پرۆسە کارتێکەرو کارتێکراوە سوودمەند دەبن و گەشە دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە زۆر کۆنەو مێژوویەکی درێژی هەیە، بۆیە کۆمەڵگە هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش کاریگەرییەکی بێ وێنەی بەسەر چالاکییە ئەدەبییەکانەوە هەبووەو هەیە.

**3- بەدەزگابوون:** بەشێک لە زانا کۆمەڵایەتییەکان ئەدەب وەکو دەزگایەکی کۆمەڵایەتی دەبینن کە خۆی لە لەکارێکی بەکۆمەڵ دەبینێتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگە بەشداری تێدا دەکەن و بەپێی چەند یاساو ڕێساو نەریتێکی تایبەتی و ناسراو کە جەخت لەسەر پەیوەست بوونی ئەدەب بە کۆمەڵگە دەکاتەوە بەڕێوە دەچێت ، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە جۆرێک لە هاوشێوەیی لەنێوان دەزگای کۆمەڵایەتی و شێواز و بابەتی ئەدەبی چەسپاو هەیە. لەکۆمەڵگەی سەردەمی و مۆدێرنەشدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە پێویستە دەزگایەکی کۆمەڵایەتی تایبەت هەبێت و بە (جیهانی ئەدەب) بناسرێت. ئەمەش لەئەنجامی کارەکانی کۆمەڵێک زانا لەوانە (هربرت سبنسر ١٨٩٧- ١٩٦١) و (ئیمیل دۆرکایم ١٨٩٣-١٩٨٤) هاتەکایەوە، بەو پێیەی کە لەگەڵ پێشکەوتنی مۆدێرنە، سیستەمی لقەو بەشە پسپۆرییەکان زیاتر پێشدەکەون وهەر یەکێکیان دەبێتە دەزگایەک بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان. لەم ڕوانگەیەشەوە کۆمەڵناسی هاوچەرخ لەجیاتی لێکۆڵینەوە لە شێوازە گشتییەکەی پەیوەندی ئەدەب و کۆمەڵگەدا، زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەر دەستنیشانکردنی کێشەکە کە بریتییە لە پەیوەندی لەنێوان جیهانی ئەدەب و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا دەکات، بەو پێیەی کە ئەدەب ئێستا بەشێوەیەکی تایبەتی، نەک گشتی سەربەخۆیە لەگەڵ سەرجەم دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی دیکە .بەم پێیەش ئەدەب مێژوویەکی تایبەتی هەیە، بەڵام ئەو مێژووە پەیوەستە بە مێژووی دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی دیکە (ا.د.قصي الحسين، ٢٠٠٩، ص ٢٦-٢٧).

بەمشێوەیە ئەدەب و کۆمەڵگە پەیوەندییەکانیان ڕەنگرێژ دەکەن و رایەڵەکانیان تێکەڵاوی یەکتر دەکەین، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە ئەدەب پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگە بەچ شێوەیەک دادەڕێژێت و بە چ ڕێگایەک ئامانج و مەبەستەکانی دێنێتەکایەوە. بەو واتایەی بۆ ئەوەی لە وردەکاری


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پەیوەندییـەکانی ئـەدەب بـە کۆمەڵگـە بگـەین، پێویسـتە پەیوەندییـەکانی ئـەدەب لەگـەڵ لایـەن و ڕەهەنـدەکانی کۆمەڵگە شیبکەینەوە وتیشکی بخەینەسەر، کە لەم لایەنەوە شرۆڤەیان دەکەین:

**ــ ئەدەب و سیاسەت و ئایدلۆژیا:** چەمکی ئەدەب پەیوەندییـەکی پتـەوی بـە چـەمکی سیاسـەت و ئایـدۆلۆژیاوە هەیە و هەردووکیان کار بۆ بۆ فەراهەم کردنی ژیانی مرۆڤ و ڕێکخسـتنی کاروبارەکـان و چالاکییـەکانی کۆمەڵگـە دەکەن. سیاسەت وەکو زانستێک بەشێکە لە زانستی کۆمەڵناسی. بەوە دەناسرێت (( چالاکییەکی کۆمەڵایەتییـە، ئەم جۆرە چالاکییە لەلایەن خەڵکێکەوە ئەنجام دەدرێت بەمەبەسـتی کارکردنـە سـەر بـوار و لایـەن و دەزگاکـانی کۆمەڵگە)) (د.رشاد میران،٢٠١٢، ل٨٢)، ئەمەش مانایەکی گشتی لەخۆ دەگرێت بـەوەی کـە سیاسـەت سـەرجەم لایەن و ڕەهەندەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، چونکە سیاسەت بریتییە لە هونەری بەڕێوەبردن، بەم پێیەش سیاسەت سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە (( بەڵام ئەگەر بەمانایەکی وردتر و چڕتر سیاسەت بناسێنین، چالاکییەکی بەڕێکخراوکراوە ، جۆرە کەسانێکی پسپۆر نەک هەموو خەڵک خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن، کە لەئاسـتێکی شـیاوی مـەعریفی دان، بێگومـان ئـەو چالاکییانـەش ئاراسـتەی سیسـتەمە کۆمەڵایەتییەکـە دەکرێـت)) (کانیـاو ڕەحمـان، ٢٠١٥،ل٢٥) و لەوێوە پێداویستییەکانی تاک و کۆمەڵگە فەراهەم دەکـات بەمەبەسـتی دابینکردنـی سـوودی گشـتی ئەمەش لەڕێگای هەڵسووڕاندنی بوارەکانی کۆمەڵگەوە.

زۆربەی نووسـەر و لێکۆڵـەران پەیوەندییـەکی پتـەو لـەنێوان ئـەدەب و سیاسـەت دەبیـنن ، کـە کاریگـەری و کارتێکردن لەنێوانیاندا هەیە و وای دەبینن کە ئـەو دوو چەمکـە لـەزۆر ڕووەوە لەیـەکتر نـزیکن، تـەنیا لایـەنگرانی (هونەر بۆ هونەر ) نەبێت کە جەختیان تەنیا لەلایەنی ئیستاتیکای دەق و دابڕانی لەگشت لایـەن و ڕەهەنـدەکانی کۆمەڵگە دەکردەوە، ئەوان دژی ئەوە بوون دەقی ئەدەبی ببێتە پەیامێک هەڵگری سیاسەت و ئایدۆلۆژی دیاریکراو بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕایەڵەکانی نێوان ئەدەب و سیاسەت ئاوێتەن و تێکچـڕاژاون، لـەم ڕووەوە (( ئـەدەبی بەرگری جوانترین و ڕوونترین پەیوەستی نێوان ئەدەب و سیاسەتمان بۆ دەخاتەڕووکە ئـەو ئەدەبـەش دوور نـەبوو لە بەکارخستن و ئیلهام وەرگرتنی سیاسی، لەژێر ئەو پاساوەی کە ئەدەبیش چەکێکە بۆ بەرگریکردن)) ( نەجات حەمید، ٢٠٠٧،ل ٨٠) و ڕزگار بوون بەمەبەسـتی بەدەسـتهێنانی مـاف و ئازادییـەکان. دیـارە لێـرەدا ڕایەڵـەی ئـەو پەیوەندییەی نێوان ئەدەب و سیاسەت خودی نووسەرە، بەو پێیـەی کـە تـاکێکی ڕۆشـنبیرو خـاوەن هەڵوێسـتە و دەشێ لە ڕێگای ئایدۆلۆژییایەکی سیاسییەوە بیروڕا و پەیام و ئامانجـەکانی ئاراسـتەی کۆمەڵگـە بکـات ، چونکـە (( کۆمەڵگە بەردەوام پێویستی بە نووسەر هەیە، بەتایبـەتیش نووسـەرانێک کـە ئامـادە بـن ڕای خۆیـان لەسـەر ڕژێمگەلی سیاسی دەرببڕن))(د.هاشم ئەحمەد زادە،٢٠١٢، ل٤٣٩).بەو واتایەی کە سیاسەت هەمیشە لەیەک باردا نییە و ڕەنگە ئەمڕۆ سیاسەتێکی دیکتاتۆرییانـە لـەئارادا بێـت و نووسـەران بـەناچاری پـەنا بـۆ شـۆڕش و یـاخود دەرەوەی وڵات ببـەن لـەوێوە وەکـو شۆڕشـگێڕێک بەرهەمـەکانیان بڵاوبکەونـەوە، بەمـەش ئـەدەب دەچێتـە خانـەو بازنەی سیاسەتەوە ودەکەوێتە ژێر کاریگەریی و دەرهاوێشتەکانی ئایدۆلۆژیای سیاسییەوە (تەڵعـەت تـاهیر، ٢٠١٢، ل١٦٠).

هـەر لـەم چوارچێـوەیـەدا ئەگـەر ئایـدۆلۆژیا تێـڕوانین و لەلایەکـەوە هەڵوێسـتی تاکـەکان بێـت و لەلایـەکی دیکەشەوە هەڵوێستی دەستەو چینەکانی ناو کۆمەڵگە بێت لە هەمبەر واقیعی ژیاندا، ئەوا ئـەدەبیش کـە بـوارێکی گرنگی ئەو کۆمەڵگەیە و ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووریو سیاسییەکانی کۆمەڵگەیە و بەشـدارێکی کارایـە لـە گۆڕانـە کۆمەڵایەتییـەکانی کۆمەڵگـە، بۆیـە پەیوەندییـەکی بـەتینی لەگـەڵ ئایـدۆلۆژیادا هەیـە، ئـەم پەیوەندییە نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا، پەیوندییەکی دووبەرەیە ، کە لەلایەکەوە پەیوەدییـەکی ئـاڵۆزە و لەلایـەکی دیکەشەوە پەیوەندییەکی دەوڵەمەندە. پەیوەندییەکی ئاڵۆزە بەوەی کە شرۆڤەکارێکی تـەواو دەبێـت بەمەبەسـتی پێزانین و خستنەڕووی پەیوەندی جۆراجۆر و دیالێکتیکی نێـوان سـەرخان و ئاسـتەکانی دیکـەی وەکـو سیاسـی و


e-ISSN (2522-7130)		p-ISSN (2410-1036)

یاسایی و ئایینی و ئاکاری ....تاد. ئەم پێکهاتانە گوتارێکی ئایدۆلۆژی لەخۆ دەگرن کە فەلسەفە و ئایین و ئەدەب وهونەر بەرهەمی دەهێنن، بەمشێوەیەش ئەو پەیوندییەی نێوان ئایدۆلۆژیا بەچەشنێک لە چەشنەکانی گوتار شیدەکرێتەوە کە ئەنجامەکەی ئەدەبە دەوڵەمەندەکەیە کە سەرجەم شیکارو شرۆڤەکانی لە چوارچێوەی بۆچوون و میتۆدەکانی گرد دەبنەوە (ئازاد عەبدولواحید،٢٠٠٤،ل٦٢).

فەلسەفەی مارکسیزم کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پەیوندی ئەدەب و ئایدۆلۆژی دروست کرد، چونکە ((مارکسیزم بەوە نەوەستا کە بڵێت ئەدەب گوزارشتە لە کۆمەڵگە، یان بەوەی ئەدەب کاریگەری ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەرە، مارکسیزم سیفەتی ئایدۆلۆژی بە ئەدەب بەخشی، بەو پێیەی ئایدۆلۆژیا ئامرازێکە بۆ ڕێنوێنی یان کۆنترۆڵکردنی جەماوەر)) (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،٢٠٠٩،ل١١٥).بەگوێرەی فەلسەفەی مارکسەوە کۆمەڵگە لە بونیادێکی ئابووری کە ژێرخانە و دەبێتە بنچینەیەک بۆ دروستبوونی بنیادی سەروو کە لە کۆمەڵێک بواری وەکو یاسا و سیاسەت و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئاکاری و ئیستاتیکا پێکدێت، ئەمەش ئایدۆلۆژیا دەگەیەنێت. بەرای مارکسییەکان ئەدەب و هونەر بەشێکە لەبونیادی سەرخان و لەهەمانکاتیشدا بەشێکە لە ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگە و رەگەزێکی گرنگە لەرەگەزە پێکهێنەرەکانی سەرخان و گوزارشت لە عەقڵانییەتی باوی کۆمەڵایەتی و پەیوندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە دەکات (ا.د.محمد سعید فرح،٢٠٠٩،ص ٦٧-١٦٨). بۆیە لەلای لایەنگرانی مارکسیزم ئایدۆلۆژیا (( بریتییە لە کۆمەڵێک لە بیروباوەڕی سیستەمێکی ڕامیاری یان ئابووری.. ڕادەی فام و تێگەیشتنی مرۆڤ لە هەر سەردەمێکدا بە ئایدۆلۆژیەوە بەستراوەتەوە)) (بەختیار سەجادی، ٢٠٠١، ل٥٨)، بەو واتایەی ئایدۆلۆژی بوارێکە بەهۆیەوە دەتوانرێت زانیاری و مەعریفە لەبارەی ژیانەوە لێ وەبگیرێت، کەواتە بەلای مارکسییەکانەوە ئایدۆلۆژیا بەستراوەتەوە بە ئەزموونەکانی ژیان و مەعریفەوە، چونکە (( لە گۆشەنیگای مارکسیستەکانەوە ئایدۆلۆژی بریتی نییە لە کۆمەڵێک باوەڕ یان گریمانە کە ئێمە وشیارانە و ئاگامەندانە پەسەندمان کردبێت، بەڵکو ئایدۆلۆژی ئەو شتەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە ژیانی خۆمان بە شێواز و شێوەیەکی تایبەت ئەزموون بکەین)) (هانز بێرتێز، ٢٠١٣، ل٩) و وەکو پێگەیەک بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و مەعریفە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. لەم ڕوانگەیەوە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا بە پەیوەندییەکی گران و ئاڵۆز دێتە بەرچاو، ئەمەش بەهۆی تێکچڕژان و ئاوێتەبوونی ئەو ڕەوت و ڕێباز و میتۆدانە کە سەبارەت بەو پەیوەندییانە بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕیوە، لەکۆی ئەو بۆچوونانەدا چەند وێنایەک بۆ ئەو پەیوەندییانە هاتۆتەکایەوە، کە وێنایەک دەخزێتە سەر تیۆری ڕەنگدانەوە بەوەی کەوای دادەنێت ئەدەب تەنیا ڕەنگدانەوەیەکی سادەو ئاسایی پەیوەندییە چینایەتییەکانە و ململانێیە چینایەتییەکانە و هەوڵدەدات پەیوەندی لەنێوان بەرهەم ئەدەبییەکان و بواری ئابووری و سیاسەت دروست بکات. وێنایەکی دیکەش کە خزانە بەرەوە تیۆری سەربەخۆیی ئەدەب لە کۆمەڵگەو ئایدۆلۆژیا، ئەنجامی ئەوەش دابڕینی بەرهەمە ئەدەبییەکانە لە میتۆدی زانستی و هەڵوەشاندنەوەی هەر شیانێکی زانستییانە بۆ لێتێگەیشتنی ئەدەب لە هەڵوێستە ڕەخنەییەکاندا (ئازاد عەبدولواحید،٢٠٠٤،ل٦٢).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

# بەشی دووەم
# رەنگدانەوەی رووداوە سیاسییەکان لە رۆمانەکاندا

لەو لێکۆڵینەوەماندا ئاماژەمان بە کۆمەڵێک رووداوی سیاسی جیاواز کردووە، کە هەر یەکێکیان خاوەن باوردۆخی تایبەتی خۆیەتی و خەسڵەت و سیمای تایبەت بەخۆی هەبووە و هەر یەکێکیشیان بۆ قۆناغێکی دیاریکراو لە مێژووی سیاسی کۆمەڵگەکەمان دەگەڕێتەوە. لەم رووەشەوە رۆماننوسان لەرێگەی ژانری رۆمانەوە ئەو رووداوە سیاسییانەیان شەن و کەو کردووەو لایەن و رەهەندەکانیان خستۆتەڕوو، کە لێرەدا گرنگترین ناونیشانەکانیان دەخەینەڕوو :

**- شۆڕشی ئەیلول** (١٩٦١-١٩٧٥):

دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨) و دامەزراندنی کۆماری عێراقدا بارودۆخێکی ئەرێنی هاتبووە کایەوە و کۆمەڵگە بەگشت بوار و لایەنەکانییەوە کرانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بنیبوو، لەم رووەوە کۆمەڵگەی کوردی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیش لەپەرەسەندن و گەشەسەندنێکی دیاردا بوون، بەڵام دەوڵەتی عێراق وردە وردە لەو بەڵێنانەی کە بە گەلی کوردی دابوو پاشگەز بووەو تا دەهات بواری گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردی بە سەرجەم لایەنەکانییەوە بەرتەسکتر دەکردەوە، ئەم هۆکارانە وای کرد گەلی کورد شۆڕشی ئەیلوول بۆ بەدەستخستنی مافەکانی بەرپا بکات و لەم پێناوەشدا خەبات و تێکۆشانی خۆی بەرێ بخات. ئەم شۆڕشە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی لەهەموو بوارەکاندا دروست کرد و گشت لایەنەکانی ژیان بە هیواو ئومێدەکانی شۆڕشەوە بەسترابووە. لەم رووەوە

لەرۆمانی (**سەگوەڕ**)ی (**محەمەد موکری**)دا بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئاماژە بە شۆڕشی ئەیلوول نەکراوە، بەڵام رووداوەکانی ئەو شۆڕشە بەتایبەتیش شەڕی براکوژی و ئەو دووبەرەکییەی کە شۆڕشەکەی گرتەوە لەلایەن رۆماننوسەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەباس لە رێککەوتنی (١١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠)کراوەوە کە بەهۆیەوە شەڕو شۆڕ کۆتایی هات و تاماوەیەک ئاشتی باڵی بەسەر کوردستاندا دانا ((. **کەچی پاش چەن ساڵێ غەریبیت و لەگەڵ یازدەی ئازاری حەفتادا گەڕایتەوە**)) (سەگوەڕ ل٦١). نیشاندانی مێژووی ئەو رێککەوتنە، ئاماژەیەکی ناراستەوخۆیە بۆ شۆڕشی ئەیلول، بەتایبەتیش کە دواتر رۆماننوس ئاماژە بە ساڵانی نێوان (١٩٧٠-١٩٧٤) دەکات کە ماوەی جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنامەیە بووەو بەشێوەیەکیش دەیخاتەڕوو کە رەخنەیەکی توند لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی شۆڕش و حزب دەگرێت (( **لە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ لە کونجێکدا لەگەڵ دایکە کلۆڵەکەتدا دەژیایت... رقت لە چەپڵە و دروشمی نێو ئاودەستخانەکان دەبووەوە - کە ئەو چوار ساڵە - لە سەر دیواری ئاودەستخانەوە چووبووە سەر زاری زۆربەی زۆری خەڵکەکە، هەوڵت دەدا بۆ خۆت و دنیای خۆت و بەختەوەری دایکە کلۆڵەکەت بژیت**)) (سەگوەڕ ل ٦٢)، ئەم بارە ناهەموارەی کە رۆماننوس رەخنەی لێگرتووە، بێگومان ئەگەر هۆکاری سەرەکیش نەبێت، ئەوە یەکێک لەهۆکارە هەرە گرنگەکان بووە کە ئەم شۆڕشەی دووچاری شکست و نسکۆ کردۆتەوە و ئاشبەتاڵی لێ کراوە، رۆماننوس بەوردی باس لەم بارەی شۆڕش دەکات و پەنجە دەخاتە سەر برینەکان و لایەنە ئەرێنییەکان پیشان دەدات (( **بەنابەدڵییەوە، بەشداریت کرد و بوویتە شاهێدی ئاشبەتاڵ، گەڕایتەوە، هەموو ئەو (جوامێر و عەگید و رۆستەمانەت) بینی کە چۆن بەشەو رۆژێ پێستی شێریان لەبەر داماڵین و کورتانیان لێ نان.** )) (سەگوەڕ ل ٦٣). لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم رۆمانە (( رووە تاریکەکەی سستەمی فاشیزم دەخاتەڕوو و روویەکی دڕندانەی ئەداتێ و عەقڵیەتی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کۆنەخوازی پیشان ئەدات، لەناو هەموو ڕووداو کارەساتەکانی ڕۆمانی سەگوەڕ، نووسەر کەسێکی بە ئاگا و سەرکێش و بەرزە)) ( عەبدولقادر حەمە ئەمین، ٢٠٠٣، ل٦٨ )، بەڵام لەراستیدا ئەو ڕۆمانە ڕەخنەیەکی توند لەو شۆڕشە دەگرێت، ئەگەرچی ناویشی ناهێنێت و لایەنە ئەرێنییەکانی دەخاتە بەر شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە، ئەمەش یەکەم ڕۆمانی کوردییە کە وەها بەڕاشکاوانە ڕەخنە لە شۆڕش دەگرێت و ئەو پیرۆزییەی کە پێشتر لە ڕۆمانەکانی دیکە خرابووە ڕوو و ڕای گشتی بۆ ئامادە دەکرا و وێنەیەکی جوان و ڕازاوەی شۆڕشیان کردبوو، لەلایەن ڕۆماننووسەوە دەشکێنرێت و لایەنی هەڵەو کەموکوڕی وناتەواوییەکان لەلایەکەوە و کارەسات و نەهامەتییەکانی ئەو شۆڕشانەش لەلایەکی دیکەوە خراوەتەڕوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆماننوس ( (بایەخی بە کێشەکانی کۆمەڵگەکەی داوە و ئەو تەگەرەو کۆسپە گرینگانەی کە لەمپەرن لە بەرەدەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەی خستۆتەڕوو، بەتایبەت لە قۆناغی ژانی ڕزگاربوونی سیاسی و دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی تایبەت بەخۆی، لە کاتێکدا ڕووبەڕووی مەترسیدارترین ڕژێمی سیاسی بۆتەوە)) (نجاه خوشناو، ٢٠١٥، ص٦٤).

لەڕۆمانی (**هەرەس**)ی (**محەمەد موکری**)دا ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە لەسەر هەرەسهێنانی شۆڕش و ئەزمونەکانی حوکمگێڕانی کوردییە، یەکێک لەو شۆڕشانەش، شۆڕشی ئەیلولە، کە ڕۆماننوس لە چوارچێوەی باسکردنی هەرەسهێنانییەوە، ئاماژە بە شۆڕش و سەرکردەی ئەو شۆڕشە دەکات. هەر لەسەرەتاشەوە ڕۆماننوس ئاماژە بە فراوانی و جەماوەری ئەو شۆڕشە دەکات، ئەمەش لەزاری (ئەحمەد)ەوە کە یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی ئەو شۆڕشەوە دەخرێتە ڕوو ( (**ئەحمەد بەچاکی دەیزانی شۆڕشەکەیان ئاغا و ڕەنجدەر، ڕاست و چەپی لە ئامێز گرتبوو، ئەویش نەک سەبارەت بە ئایدۆلۆژیایەکی ڕوون و گەش بووبێ، نەخێر، تەنها هەستی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و وشە ساکارو پیرۆزەکەی کوردستان یەکی خستبوون و لەیەک زنجیرەدا کاریان بۆ دەکرد، وە نەبێ هەرچین و بەرەیەکیش خۆی و بەرژەوەندی چینەکەی فەرامۆش کردبێ، هەموو هەر لە سێبەری هەستی نەتەوایەتییەوە کارو پێویستی خۆیان وە ئەنجام دەدا**)) (هەرەس ل١٨٧). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شۆڕشەکە خاوەنی ئایدۆلۆژییەکی دیاریکراو نەبووە، بەڵکو هەموو چین وتوێژێک و هەموو بیروبۆچوونێکی لەخۆ گرتووە، کە لەلایەن ڕۆماننوسەوە وەکو ڕەخنەگرتنێک لە شۆڕشەکە دادەنرێت. بەو واتایەی شۆڕش لەڕوانگەی ستەم و زوڵمی نەتەوەییەوە جەماوەرییەتی هەبووە و تاکەکانی کۆمەڵگە بەهۆی بوونی ئایدۆلۆژیا و ڕێکخستنێکی بەهێز لەدەوری شۆڕش کۆنەبوونەتەوە، بەڵکو هەستکردن بە زوڵم و ئارەزووی ڕزگاربوون لە داگیرکەر وای کردووە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەشداری تێیدا بکەن، لێرەشدا ڕۆماننوس بە چاوێکی پیرۆزسەیری ئەو شۆڕشە ناکات، بەڵکو بەچاوێکی ڕەخنەگرانە لە بنچینە و پێکهاتەی ئەو شۆڕشە دەکۆڵێتەوە و لەڕێگای بەدیارخستنی ڕەهەندی سیاسی کارەکتەرێکی وەکو (ئەحمەد) ئەو لایەنانە شەن و کەو دەکات و ڕەخنەکانی خۆی لەسەری بنیات دەنێت و لەهەمانکاتیشدا ئەوە بۆ خوێنەر دەسەلمێنێت کە شۆڕش جیا لە ئامانجەکانی و هەوڵ وتێکۆشانەکانی، کەموکوڕییەکی زۆریشی هەبووە. بۆیە لەگەڵێک لایەنەوە ئەو کەموکوڕییانە بەدیار دەخات، بۆ نموونە باسکردنی بارودۆخ و ژیان وگوزەرانی پێشمەرگەی شۆڕشەکە ( (**زۆربەی زۆری پێشمەرگەکان ، ڕووت و دەربەدەر ، بێ پارە، چڵکن، برسی ، ماندووبوون... چ پێشمەرگەیێک توانیوێتی بەو هەشت نۆ دینارەی — کە مانگێ هەبوو سێ مانگ نەبووە — ژەمێکی تێرو تەسەل بخوات؟ شەو برسی ، ڕۆژ ماندوو و برسی، هاوین و زستان ماندوو و برسی و چڵکن، کێچ و ئەسپێ لە باخەڵیان تەراتێنی یان دەکرد...ئیدی یارمەتی وڵاتانی دی ی چی؟ کەی یارمەتی بۆ پێشمەرگە بوو.. هەر بۆ ئەم مەسئول و خزمی ئەو مەسئول** )) (هەرەس ل١٨٦) لەکاتێکدا پێشمەرگە بڕبڕەی پشتی شۆڕش و هێزی چەکداری ئەو شۆڕشە بووەو بەهۆی بوونی ئەوانەوە بەردەوامی و تێکۆشان هەبووە، کەچی لەژیانێکی زۆر ناخۆش و ناهەمواردا ژیاوە، کە ئەمەش دووبارە وەکو


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

رەخنەگرتنێکە لەو بارودۆخەی کە پێشمەرگە تێیدا ژیاوە، لەکاتێکدا یارمەتییەکان زیاتر بۆ بەرپرسەکانی ئەو شۆڕشە بوونە، بەو واتایەی کە شۆڕشەکە گەندەڵییەکی زۆری تێدا کراوەو ئەمەش یەکێک لەهۆکارە ناوەخۆییەکانی هەرەس هێنانی بووە. لەدیمەنێکی دیکەدا رۆماننوس دەگەڕێتەوە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشەکە لە ساڵی (١٩٦١) و لەرێگەی پیشاندانی بارۆدخی شاری کەرکوکەوە ، لە رێگەی کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە (ئەحمەد) کەبەهۆی گەڕانەوەی یادەوەرییەکانی ئەو رۆژەوە، باسی لەو شۆڕشە دەکات (( **بەرەو چواردە ساڵی ڕەبەقی بەر لە ئێستای چوو، بەرەو ئەو رۆژە مەزنەی ئەیلوولی ١٩٦١) گەڕایەوە کە: بەشێکی تەواوی کوردەکانی کەرکووک تووشی شاگەشگە ببوون، لەهەموو کوچەو ماڵێکدا لە هەموو چایخانە و مزگەوتێکدا ، یەکەم تەقەی (دەربەندی بازیان) سەر باسی ئاخاوتن و پلیتەی ناخ تەقاندن بوو. تەنانەت بودەڵە بێ نموودەکانیش سەرەنجیان لەو ئاسۆیە گیر کردبوو کە کوردان ـ پاش تاقی کردنەوەی هەموو زمانێ ـ بەزمانی تفەنگ داوای مافی زەوت کراوی خۆیان دەکەن. رۆژی سەربەستی و سەرفرازی قەد تام و چێژی یەکەم رۆژی ـ دەستپێکردنی شۆڕش ـ نی یە ، یەکەم رۆژی شۆڕش ئەو دەلاقەیە کە دنیای ئازادی لێوە دیارە ، یەکەم هەنگاوی بۆ دەنێ بەرەو ڕۆشنایی دەکەوێتە ڕێ** )) (هەرەس ل١٩٥)، لێرەشدا سەرەڕای ئاماژەدان بە رۆژە یەکەمینەکانی ئەو شۆڕشە، ئاماژە بەوەش دراوە کە کورد بەناچاری پەنای بۆ خەباتی چەکداری بردووە، لەپێش ئەمەدا هەموو رێگەو شێوازەکانی دیکەی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی تاقیکردۆتەوە، بەڵام بێ سوود بووە و بەناچاری پەنای بۆ تفەنگ بردووە تا بەهێز مافەکانی خۆی بچەسپێنێت. بەو واتایەی شۆڕش ئەیلول زەمینەسازییەکی گونجاوی هەبووە و چەند قۆناغێکی دیاریکراوی بڕیوە لە داواکردنی ئاشتییانەی مافە نەتەوەییەکان و خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین و ...تاد، کەهیچێکیان ئامانجەکانی نەپێکاوەو ئەنجامی نەبووە، بۆیە ناچاری پەنا بۆ چەک و خەباتی چەکداری بردراوە، لێرەشدا شوێن وەکو نموونەیەکی ئاماژەدار بۆ گێڕانەوەی ئەو سەرەتایانەی شۆڕش هەڵبژێردراوە کە شاری کەرکووکە، چونکە ئەو شارە بە قووڵایی ستراتیژی خاکی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت و رووبەرووی توندترین شاڵاوی بەعەرەبکردن و سڕینەوەی بوونی نەتەوەیی بۆتەوە، لەهەمانکاتیشدا یەکێک بووە لە و خاڵانەی کە هەمیشە جێگای ناکۆکی بووە لە وتوێژەکانی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، بەهۆی ئەمەشەوە تەمەنی شۆڕشی ئەیلول کە (١٤) ساڵ بووە ئاماژەی بۆ کراوە، یەکێک لە خاڵەکانی هەرەسهێنانی ئەو شۆڕشەش دیاریکردنی چارەنووسی شاری کەرکووک بووە، بۆیە رۆماننوس لێزانانە گێرانەوەی سەرەتاکانی شۆڕش مێژووی شۆڕشەکە لە گۆشەنیگای ئەو شارەدا درێژە پێدەدا. بەمشێوەیە رۆماننوس لەرێگەی تەکنیکی فلاش باکەوە بەشێک لە رووداوەکانی ئەو شۆڕشە دێنێتەوە یادی (ئەحمەد) و بەهۆیەوە پانۆرامایەکی روواوە گرینگەکانی ئەو شۆڕشە دەخاتە بەرچاو ، سەرەڕای ئەوەی لەناوەخۆدا رۆماننوس دڵسۆزی و وەفاداری ئەو خەڵکە نیشان دەدا کە بەگیان و جەستەو ماددەوە ئامادەی خۆفیداکردنی شۆڕش بوون، لەهەمانکاتدا باسی بارودۆخی دەرەوەی شۆڕش دەکات، ئەمەش لەچوارچێوەی باسکردنی شای ئێران، کە پاڵپشتی ئەو شۆڕشەی کردووە و دواتر بەپێی بەرژەوەندییەکانی کە رێککەوتنامەی جەزائیر بۆی مسۆگەر کرد پشتی لەشۆڕشەکە کرد، ئەمەش لەو کاتەدایە کە (ئەحمەد) لەشاری سنەیە و لەوێ کوردێکی رۆژهەڵاتی ئەو راستییانەی لەبارەی (شا)وە پێ رادەگەیەنێت (( **چاوتان گەلێ رەش و جووان نییە ,.... شا ئێوەی کردووە بەتاژی، نێچیریش بۆ خۆی دەگری ئێوەش دەستان لەبنی هەمانەکەوە دێتەدەر.. شا ، خۆیشی سەپانی ئاغاکەیەتی، هەر بە ئاستەم سەیرێکی ئێمە بکەن... بزانن شا هیچ شتێ بە ئێمە رەوا دەبینێ؟! کەچی بە ئێوە ـ نازانم چ ناوێکتان لێ بنێم ـ تۆپی تەیارە شکێن و موشەکی (ئارای)تان دەداتێ. ئێمەش هەر بڵێین کوردین زمانمان دەبڕێ**)) (هەرەس ل٢١٦). لێرەدا جیا لەوەی ناردوستی ئەوە پەیوەندییە دەرکییەی شۆڕش دەخاتەڕوو، لەهەمانکاتیشدا بارودۆخی خراپی کوردانی رۆژهەڵاتیش بەدەست دەسەڵاتی شای ئێرانەوە باس دەکات و دووڕوویی و ستەمکاری ئەو

سەرکردانە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کوردان پیشان دەدات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە رۆماننوس ڕەخنەیەکی توند لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی شۆڕش دەگرێت، کە ئەو پەیوەندییانە بەشێوەیەکی نادروست بنیادنراوە و وای کردووە چارەنووسی شۆڕش بکەوێتە دەست وڵاتێکی وەکو ئێران، ئەویش بەئارەزووی سیاسەتەکانی خۆیەوە بەکاری بهێنێت. دیارە هەر ئەمەش وای کرد کە بێ گەڕانەوە بۆ کورد لەگەڵ عێراق پێکبێت و پەیمانانامەی جەزائیر مۆر بکات کە بە هەرەسهێنانی شۆڕش کۆتایی هات. کە لەدیمەنێکی دیکەدا ئاماژە بە ڕێککەوتنامەکە و هۆکارە دەرەکییەکان دەکرێت کە بوونە هەرەسهێنانی شۆڕشەکە (( **دەڵێن سوپای جەزائیر لەگەڵ سوپای عێراق و ئێران سەرسنووریان گرتووەو سوپای تورکیش لەسەرسنوور دامەزراوە، یانی سێ سوپا، بەشی نەدەکرد؟! وا جەزائیریش خۆی تێهەڵقورتاند؟! ...... ئەوە نییە بەپێ ی (اتفاقیەی جەزائیر) بەشێکی (شەتی عەرەب)و هەندێ لەسنووری عێراقی فرۆشتووە** )) (هەرەس ل٢٢٦-٢٢٧)، بەهۆیەشەوە دووبارە لە ساڵی (١٩٧٤)ەوە شەڕ هەڵگیرسایەوە، لەرۆمانەکەدا ساتی هەڵگیرسانەوەی ئەو شەرەو پەیوەندیکردنی خەڵکان لە شارەکانەوە بە شۆڕش و چوونیان بۆ ناو چیاکان، دوای شەڕێکی سەخت، کەچی لەدواجاردا شۆڕش بەیەکجاری هەرەس دەهێنێت و کۆتایی پێ دێت.

لەگەڵ ئەوەش کە رۆماننوس باس لەو شۆڕشە دەکات ، کەچی لەکۆتاییەکانی دەقەکە و لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشەکە و لەچوارچێوەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکەوە ناوی (شۆڕشی ئەیلوول) دەهێنێت، ئەمەش لەگفتوگۆیەکی نێوان (ڕێککەوت خان و خەجێ) دەبێت (( **دە ساڵێ پاش شۆڕشی ئەیلوول و هەر لەناو شۆڕشەوە سەری هەڵدا** )) (هەرەس ل٤٧٦) . تەنیا ئەو تاقە جارەش لەلایەن رۆماننوسەوە ناوی شۆڕشەکە دەهێنرێت. هەروەها کاتێک کە ناوی (مەلا مستەفای بارزان)یش دەهێنێت، لەو چوارچێوەیە نییە کە رابەر و سەرکردەی ئەو شۆڕشەیە، بەڵکو لەچوارچێوەی گێرانەوەی یادەکانی (عەلی بابە زادە)یە کە باس لەوە دەکات بووە بە راوێژکاری ئەو سەرکردەیە ((**زۆر شانازی بەوە دەکرد کە چۆن یەکەمجار بووەو بەراوێژکاری مەلا مستەفا**)) (هەرەس ل٣١٧). جگە لەم شێوازەی ناوهێنانی (مەلا مستەفا) نەبێت،بەهیچ شێوەیەک وەکو رابەرێکی ئەوشۆڕشە ناوی ناهێنێت، یاخود وەکو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش ناوی نابات و بەهیچ شێوەیەکیش ناوی پارتی کە سەرۆکایەتی ئەو شۆڕشەی کردووە ناهێنێت، بەڵکو لەشوێنێکدا ناوی (دەزگای پاراستن) دەهێنێت، کەئەویش دەزگایەکی هەواڵگری سەر بە پارتی بووە ، ئەمەش لەچوارچێوەی رەخنەگرتن لە شۆڕش و هەرەسهێنانی بووە (( **تۆ بڵێ ی (ئێستایش ) لە پاراستن بترسین و نەوێرین بڵێین: ترسنوک و حەرامزادەکان دایکی میللەتیان دا بەگان!**)) (هەرەس ل٣٨٨). رەخنەگرتن لە دەزگایەکی وەکو پاراستن و پیشاندانی رۆڵ نەگەتیفەکەی، بەتایبەتیش کە ئاماژەیە بە نەبوونی راوبۆچوونی ئازاد و جیاواز، ئەوە بەدیار دەخات کە رۆماننوس سەرلەبەری ئەو شۆرشەی خستۆتە بەر نەشتەری رەخنەکانی. بەو واتایەی ئەو شۆڕشە ئەو پیرۆزییەی نییە لەلایەن رۆماننوسەوە کە چاو لە تەواوی خراپی و لایەنە نەگەتیفەکانی بپۆشێت، بەڵکو لە دوو تویێ رەخنەکانییەوە مێژووی ئەو شۆڕشەی گێڕاوەتەوە و هەوڵی داوە نەوەی نوێ و خوێنەران بەو هەڵە ستراتیژی و کەموکورییە قووڵەکانی شۆڕشەوە ئاشنا بکات. بەم پێیەش ئەو رۆمانە بەیەکێک لەو رۆمانانە لەقەڵەم دەدرێت کە لەهەموو ڕوویەکەوە کاریگەری و کارتێکردنەکانی ئەو شۆڕشەی لەسەر بارودخی کۆمەڵگە روون کردۆتەوە، بەتایبەتیش کە خودی ئەو شۆڕشە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگە بەجێ هێشتووە، کە رۆماننوس زیاتر لایەنە نەرێەکانی ئەو شۆڕشەی شی کردۆتەوەو رەخنەی ئاراستەکردووە.

لەرۆمانی (**تۆڵە**)ی (**محەمەد موکری**)دا شۆڕشی ئەیلوول بەشێک لە رەوتی رووداوەکان پێکدەهێنێت و بەشێک لە گێڕانەوەکان لە ئەستۆ دەگرێت، بەڵام رۆماننوس هەر لەسەرەتاوە بەهیچ شێوەیەک ناوی شۆڕشی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نەهێناوە، بەڵکو لەڕێگای چەند هێمایەکەوە خوێنەر دەزانێت کە ئەو باسەی کە ڕۆماننوس دەیکات، شۆڕشی ئەیلوولە. بەتایبەتیش کە دوا ساتەکان ئەو شۆڕشە ڕووناکی خراوەتەسەر و ڕۆماننوس لەو ڕێگایەوە ئاماژە بە کۆتاییەکانی ئەو شۆڕشە داوە، ئەمەش لەڕێگای کارەکتەرێکی وەکو (حاجی محێدین) کە لەڕێگا کوڕە گەورەکەیەوە ئاشنای چیرۆکی ئەو دەبین کە پێشمەرگەی شۆڕشە و بەرپرسی گوندەکەی خۆیان بووە و لە ڕێکەی دەرخستنی ڕۆڵی ئەو کارەکتەرەوە ئاماژە بە جۆری ڕێکخستن وژیاری شۆرشی ئەیلول دەدات وئەوە دەخاتەڕوو کە شۆڕش بەو شێوەیە ڕێکنەخراوە، بەو واتایەی لەڕێگەی کارەکتەرەوە ڕەخنە ئاراستەی ئەو شۆڕشە دەکات و کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە دەخاتەڕوو و بەهۆیەشەوە گەندەلی سیاسی ناو شۆڕش پیشان دەدات و ئەو کارتێکردنانە ڕوون دەکاتەوە کە لە گوندێکی بچووکدا کە وەکو شوێنێک نموونەیی بۆ کۆمەڵگەیەک لە ژێر دەسەلاتی شۆرشدا دەیهێنێتەوە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی نیشان دەدات ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەرووی سیاسییەوە بەهۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە بەسەریدا دێت ڕوون دەکاتەوە و لە ڕێگەی کارەکتەرێکی وەکو ( حاجی محێدین)ەوە، کە وەکو تاکێکی ناو کۆمەڵگە وەریگرتووەوە باری ژیان و ڕەهەندی سیاسی لەسەر کەسایەتی ناو کۆمەڵگە دەخاتەڕوو ، بەهۆیەشەوە باس لەو شۆڕشە دەکات، کە ڕێکخستنێکی لاواز و پەرت و بڵاو بووە، ئەمەش بووەتە هۆکاری کەوتنی شۆڕش و هەرەس هێنانی. سەرەڕای ئەوەی ڕۆماننوس لەباسکردنی کۆتاییەکانی ئەو شۆڕشەدا ئەو هۆکارە گرنگانەی دەرەوەی فەرامۆش نەکردووە، کە گورزێکی کەمەرشکێن بووە بۆ کۆتایی پێهێنانی شۆڕش، بەتایبەتیش کە دەقەکە زیاتر ڕۆشنایی دەخاتە ساڵی کۆتایی شۆڕشەکە کە ئەویش ( ١٩٧٤-١٩٧٥)ە و کەسەرەڕای شەڕێکی سەختی بەرگریکردن، کەچی ئەو هۆکارە دەرەکییە کە ڕێککەوتنی جەزائیرە، کاریگەری گەورەی لەسەر شۆڕش داناوە و یەکێک لە هۆکارە هەرە کارتێکەرەکانی کۆتایی پێهێنانی بووە (( **دیاربوو حکومەتی عێراقی نیشتمانی و شا ئاریامیهری ئێرانی، بڕیاری ئەوەیان دابوو بەهەر دوو لا لەناومان بەن، شا سەر سنووری بە ئەرتەش تەنی، عێراقیش بە چەند هەزار عەسکەر و جاش بە پاڵپشتی تۆپ و تەیارە و تانک، هێرشیان بۆ هێنابن**)) (تۆڵە ل ٧٠). بەمشێوەیەش شۆڕشەکە کۆتایی پێهات و هەرەسێکی گەورەی لەمێژووی کورد تۆمارکرد، ڕۆماننوس ساتەکانی ئەو هەرەس هێنانەی لەڕێگەی کارەکتەر (حاجی محێدین)ەوە تۆمار کردووە کە لەڕێگای کادیرێکی حزب و پێشمەرگەوە پێی ڕادەگەیەنرێت (( **بەسەری تۆ حاجی، تەواو - ئاشبەتاڵ - ئەوا ئێمەش یانی من ئەو ئەم پێشمەرگەیە ،بەرەو ئێران ن بەرەو ئاوایی دەڕۆین.. ماڵئاوا**)) (تۆڵە ل ٢٧). ئەمەش چۆنیەتی ئەو ڕێکخستنە لاوازە پیشان دەدات کە کەسێکی وەکو(حاجی محێدین) هەر چەندە بەرپرس بووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئاگاداری بڕیارەکان نەبووە، ڕۆماننوس بەهۆی باسکردنی ژیان و گوزەران و بەرپرسیاریەتی ئەو کارکتەرە، وێنایەکی شێوەی ناوەوەی شۆڕش و کادیرانی کێشاوە، کە ئەڵقەیەکی لاواز بووەو بەهۆیەشەوە گەندەلێی لەناو ریزەکانی شۆڕش بڵاوبۆتەوەو کاریگەرییەکی گەورەی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەسەر تاک و کۆمەڵگەی کوردی دروستکردووە، ڕۆماننوس لە باسکردنی ئەو شۆڕشەدا زیاتر جەختی لەسەر ئەو کەموکورییانە کردۆتەوە کە وەکو هۆکارێکی ناوەخۆیی کاریگەرییان لەسەر ئەو ئەنجامە شۆڕشەکە هەبووە (( **دەبێت ئەمجارەیان شۆڕشەکەمان وەک جاری پێشوو بێسەرو بەر و عەشائیربازی و بێ تەنزیم نەبێت، هەر ئەوە نەبێت مل پێوە بنێن و تەوەکەل بەخوا.. سەر ئەنجامیش مامەڵەمان پێوە بکەن**)) (تۆڵە ل ٦٠)، لێرەشدا کۆمەڵێک خەوش و کەموکوڕی شۆڕشی ئەیلوول باس دەکات، لەوانەش عەشائیری و بێ بەرنامەیی و بێ ڕێکخستن بوونی کارو چالاکییەکانی ئەو شۆڕشە بووەو دیارە ئەمانەش یەکێک بووە لە هۆکارە سەرەکییەکانی شکستی شۆڕشەکە. ڕۆماننوس هەر چەندە لەو ساتەوە باسی لەو شۆڕشە کردووە، بەڵام زیاتر پانتایی ڕۆمانەکەی لەسەر ئەوە بیناکردووە کە باس لە بارودۆخی دوای ئەو شۆڕشەو بەتایبەتیش کاریگەری و کارتێکردنەکانی هەرەسەکە و چۆنیەتی دروستبوونەوەی هێزی پێشمەرگەو سەرهەڵدانەوەی شۆڕش بکات. بۆیە لەسەرەتاوە بێ


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

ئەوەی ناوی شۆڕشی ئەیلول بهێنێت، دوا ساتەکانی ئەو شۆڕشەی کردۆتە ناونیشان و سەنتەری ڕووداوەکان، بەڵام لە کۆتایی دەقەکەدا ئاماژە بەناوی شۆڕشەکە دەکات و ناوی دەهێنێت، ئەمیش لەچوارچێوەی ئەو باسەی کە (مەحمود) برای (مستەفا)ی کارەکتەری سەرەکی باس لە سەرکەوتنەکان دەکات، ئەمەش خەیاڵی کارەکتەری سەرەکی بەرەو ئەوە دەبات کە لە شۆڕشی ئەیلولیش سەرکەوتنی مەزن تۆمار کران، بەڵام ئەنجامەکەی کارەسات بوو ((**هەر کە مەحموود دەیگوت: ئەمجارەیان سەرکەوین، دەیان سەرکەوتن و نەبەردی قارەمانانەی پێشمەرگەم دەهاتەوە بەرچاوی کە گەلێک جار لەدەمی هەندێک پێشمەرگەی بەتەمەنم بیستبوو، کە لەشۆڕشی ئەیلوولدا، لە هەندرێن و زۆزک ، لەسەر تیژ و سپیلک و شیوەسوور، لەگەرمیان و بەمۆدا، چیان بەداگیرکەر کردووە، چۆن لەو شەڕانەدا سەرکەوتوون، پاشانیش وەکو دوو دێڕ لە بڵاوکراوەیێک، یا لە پاددا تۆمارکراون، بێ ئەوەی بووبنە بناغەی ئەو (سەرکەوتنەی خەونی ئێمەیە** ))) (تۆڵە ل١٢٢). ئەو ڕەخنانە لە چوارچێوەی ڕەخنە گشتییەکە لە شۆڕشی ئەیلوول کردووەو بەمەش بەراوردی بە شۆڕشە نوێیەکەش دەکات و گومانی هەمان ئەنجامی لەلا دروست دەبێت . کەواتە لێرەدا ڕۆماننوس بەشێوەیەکی نەرێنی مامەڵەی لەگەڵ ئەو شۆڕشەدا کردووەو زیاتر لەچوارچێوەی ڕەخنەیەکی توندا ڕەهەند و ئەنجامەکانی ڕوون کردۆتەوە، ڕۆماننوس وێنای تاک و کۆمەڵگەی کوردی لەژێر سایەی ئەو شۆڕشە کێشاوە و ڕووی خراپ و نەرێنی لەسەر گشت کایەکان شیکردۆتەوە. لەمەشدا زیاتر مەبەستی ئەوە بووە کە خەوش و کەموکورییەکانی شۆڕش بەرباس بکات و هەوڵی ئەوەش نەوەی نوێ خۆیان لە ئەنجامە خراپەکانی ئەو شۆڕشە بەدوور بگرن و دووبارەی نەکەنەوە، بەتایبەتیش کە پەیوەستی دەکات بە باسکردنی شۆڕشی نوێیەوە، کە دەخوازێت ئەو شۆڕشە پێچەوانەی ئەوی دیکە بێت و کاریگەری باش و دروست لەناو کۆمەڵگە بهێنێتەکایەوە.

لەڕۆمانی (**هەڵکشان بەرەو لوتکە**)ی (**عەبدوڵڵا سەراج**)دا بەهیچ شێوەیەک ڕاستەوخۆ ناوی شۆڕشی ئەیلوول نەهاتووە، ئەمەش لەبەر ئەو سانسۆر بەهێزەی کە ڕژێمی ئەو کاتی عێراقی بەتایبەتیش لەساڵانی هەشتاکانەوە لەسەر تەواوی کایەو بوارەکانی کۆمەڵگە دانابوو، بەشێوەیەک کاریکی لەم شێوەیە ڕەنگە بەمەرگی کارەساتباری خودی نووسەرەکە کۆتایی بهاتبا، بۆیە ڕۆماننوس لە باسکردنی ئەو شۆڕشەدا پەنای بۆ ڕێبازی ڕەمزی بردووەو لە ڕێگای ڕەمز وهێماکانەوە خوێنەری لەوە ئاگادار کردۆتەوە کە (تۆفیق)ی کارەکتەری سەرەکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولە. سەرەتای ئەو ئاماژانەش کاتە، کاتی هەڵگیرساندنی شۆڕشەکەیە ((**پاییزی ساڵی هەزار و نۆ سەدو شەست ویەک ، سەرماو سۆڵەیەکی لە وزە بەدەر و بەترەف سەرانسەری ئەم هەرێمانەی گرتەوە**)) (هەڵکشان بەرەو لوتکە ل ٢١٤). ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوون ودیارە بۆ شۆڕشەکە، چونکە شۆڕشی ئەیلوول لە (١١ی ئەیلولی ١٩٦١) هەڵگیرسا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەسایەتی (تۆفیق)ی کارەکتەر کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕانەیە (( کەسێتی تۆفیقی پاڵەوان بەچوونی بۆ نێو ریزەکانی شۆڕشی ئەیلوول دەگۆڕێت و دەبێ بەکەسێتیی پاڵەوانێکی شۆڕشگێر و پابەند ، بەڵام لەم بوارەدا هیچ کارێکی ئەوتۆمان وەبەر چاو ناکەوێت بەرپرسیارانی شۆڕش پێیان ڕاسپاردبێ)) (عادل گەرمیانی، ١٩٩٩، ل٣). بەو واتایەی ئاماژە بە چوونە ناو شۆڕشی کارەکتەرەکان کراوە وەکو ڕەمزێک ڕوون کراوەتەوە، بەڵام هیچ کاروکردەوەیەکی کارەکتەرەکان لە ناو شۆڕشدا بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو زیاتر لەڕێگای جموجۆڵ و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانەوە ئاماژە بۆ ئەو ڕەمزانە کراوە،کە گوزارشت لە شۆڕشەکە دەکەن (( **لەم ڕۆژانەدا سێ کەس لە کۆشی خێزانەکانیان دوور کەوتبوونەوە، حەمە سوور نەیویست ببێتە کوتەک و لەشەوێکی ئەنگوستە چاودا، لەگەڵ نازەی ژنیدا، پۆشاک و کاسە و کەویلیان پێچایەوە و ڕوویان کردە ماڵی باوکی نازە لەو بنار شاخانە. سالاریش وەکو تنوکێک ئاو هەڵچوو. ئەوەش لە نەخشین پرسیاری بکردبایە دەیگوت: (نەقڵی ئەو خوارە بووە).منیش زەنگی کاروان**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**رایکێشام و بوومە تەتەری نێوان دێهاتی ئەو نسار و تەلان و زەبەنگانە))** (هەڵکشان بەرەو لوتکە ٢١٥). لێرەشدا لەرێگەی ئەو زمانە پڕاوپڕ لە هێمایە، ئاماژە بە پەیوەندیکردنی سێ کارەکتەری ناو دەقەکە دەکرێت بە شۆڕشی ئەیلوول و بوون بە پێشمەرگەی ئەو شۆڕشە. هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا باس لە بارودۆخی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو کە بەهۆی شەڕەوە لە چەند کاروکردەوەیەکدا راهاتبوون (( **خەڵکەکە بەوە ڕاهاتبوون کە بەشەو لەناو دێ و بەرۆژ ڕوو لە ئەشکەوتی قەد چیاکان بکەن، ئەو کارەیان لا بووە ئاسایی و رۆژانە هەر خێزانێکیش نیشانی خۆی دادەنا لەسەر چاڵە دانەوێڵەکان))** (هەڵکشان بەرەو لوتکە ل٢١٧). بێگومان ئەو بارودۆخە نالەبارە بەهۆی شەڕو بۆردومانی فرۆکەکان بووە کە خەڵکەکەی ناچار کردووە لەناو ئەشکەوتەکاندا خۆیان حەشار بدەن. لێرەشدا ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگە لەژێر سایەی شۆڕشدا باس کراوە و کاریگەرییەکانی لەسەر دەروونی خەڵکی و ژیانی کۆمەڵایەتییان روون کراوەتەوە، بەتایبەتیش کە دەبینین شەر وای لەو خەڵکە کردووە پابەندی چەند نەریتێکی وا بن کە ئاسایی نەبێت و لەهەمانکاتیشدا لە شەو و رۆژدا کاری جیاواز بەهۆی ئەو شەڕەوە بگرنەبەر. ئەمەش کارتێکردنێکی تەواوی لەسەر ژیان و گوزەرانی داناون، سەرەڕای ئەمانەش ەدا ئاماژە بە ژیانی پێشمەرگەکان دەدرێت و بەشێک لە گوزەرانی رۆژانەیان دەخرێتەڕوو، بەتایبەت ژیانی پێشمەرگایەتی (جەوهەر)ی کارەکتەر ، کە ئاماژە بە ژیانی ئاسایی پێشمەرگەیەک کراوە کە لەکاتی شەڕدا ئامادەبووە، جگە لەوەی کاری رێکخستنیشی کردووە. جیا لەمانەش لەزاری (نەوزاد)ەوە باس لە (تۆفیق)ی باوکی خۆی دەکات کە ئەویش پێشمەرگەی شۆڕشەکە بووە، کە لەرێگەی یادەوەرییەوە ئاماژە بە سەرکەوتن لە شەڕەکانی بۆ دەگێڕێتەوە ، کەچی بۆ (نەوزاد) ئەو ئامادەنەبوونەی باوکی لەماڵەوە و لەناو کۆمەڵگەدا کاریگەری لەسەر دەروونی دروست دەکات، بۆیە لە مەنەلۆژێکدا ئەو هەستە دەردەبڕێت (( **خۆزگە ئەو ئاشووبە دەبڕایەوەو باوکم بەسەربڵندی دەهاتە ناومان))** (هەڵکشان بەرەو لوتکە ل ٢٨٥). لێرەدا کاریگەرییە ئەرێنییەکانی ئەو شۆڕشە لەسەر تاک و کۆمەڵگە بەدیار دەکەوێت، کاتێک ئەو ململانێیە بە ئاشوب ناوی دەبرێت، ئەمە لایەنی نەرێنی بیرکردنەوەی تاکێکی کۆمەڵگە کە (نەوزاد)ە پیشان دەدات لەبەرانبەر ئەو شۆڕشەی کە نەهامەتی بۆ هێناون. بێگومان هەموو ئەو هەست و نەستانەی کە دەربڕاوە لەرێگەی ڕەمزەوە ئاماژەی بۆ کراوەو هەرگیز رۆماننوس راستەوخۆ ئاماژەی بۆ نەکردووە، بەڵام بەهێزترین ئاماژەش ناوهێنانی رۆژنامەی (خەبات)ە کە زمانحاڵی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بووە و کە سەرکردایەتی شۆڕشەکەی کردووە، ئەمەش لەگفتوگۆی نێوان (نەوزاد) و دایکی بەدیار خراوە.ئینجا هەر لەو گفتوگۆیەی نێوانیاندا، ئامانج و پەیام و مەبەستەکانی شۆڕش روون کراوەتەوە (( **- باشە، کە ڕۆژیان هات چی دەکەن؟**

**- مرازی هەر دڵێک حاسڵ دەبێت.... زوڵم و زۆر لادەبەن و ... ڕەگ و ڕیشەی نەهامەتی و چەوتی و قڕانی ، هەڵدەکێشن.**

**- باوکیشم دێتەوە ...... وەنی یە؟!**

**- دەبێ وابیت.))** (هەڵکشان بەرەو لوتکە ل٢٨٨). لێرەدا ئامانج و مەبەستەکانی ئەو شۆڕشە لە بەدیهێنانی ئازادی و رزگاری و نەهێشتنی زوڵم وزۆرداری خۆی بینیوەتەوە و ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام رێوشوێنی گەیشتن بەو ئامانج و ئاواتانە، رێوشوێنێکی هەڵ و پڕ لە کەموکوڕی بووە، رۆماننوس لەرێگەی دەرخستنی لایەنی کەموکورییەکانی ئەو شۆڕشە و کاریگەرییە نەرێیەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە کە لەرێگەی کارەکتەرەکانەوە و هەروەها کارتێکردنەکانی لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی و لایەنی ئابوورییەوە، ناڕوونی و تەمومژاوی ئەو رێوشوێنانەی روونکردۆتەوە، کە سەرەڕای ئەمانەشەوە هەروەکو لەو گتفوگۆیەی نێوان (نەوزاد) و دایکی بەدیار دەکەوێت، هێشتا خەڵک بڕوای بەو ئامانج و ئاواتانەی شۆڕش هەیە و خۆزگەی ئەوە دەخوازێت بێتەدی و کۆتایی بە شەر و نەهامەتییەکان بێت، ئەمەش ئەوە بەدیار دەخات کە شۆڕش لەناو قوڵایی کۆمەڵگەدا کاریگەریی بەجێ


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

هێشتووەو لەگەڵ وردەکارییەکانی ژیانی تاک و هاوڵاتیاندا تێکەڵ بووە و کارتێکردنی هەبووەو ئاراستەی ڕێرەوەوکانی ئەو ژیان و گوزەرانەی کردووە. بەشێوەیەکی گشتی ڕۆماننوس کۆتایی دەقەکەی بۆ باسکردنی ئەو شۆڕشە تەرخانکردووە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو کارەکتەرانەی کە بوونەتە پێشمەرگەی شۆڕشەکە و بەهۆیەوە لەڕێگای ڕەهەندی سیاسی ئەو کارەکتەرانەوە بارودۆخی سیاسی کۆمەڵگەی دەرخستووە، هەرچەندە لەڕێگەی ڕەمزو هێماوە ناراستەخۆ باسی لێوە کردووە، لەکەڵ ئەوەشدا توانیویەتی لایەنە نەرێنییە و ئەرێنییەکانی ئەو شۆڕشە بەدیار بخات.

**ـ ڕێککەوتنی (١١)ی ئادار و هەرەسهێنانی :**

ڕێککەوتنامەی (١١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠) نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، ڕێککەوتنێکی مێژوویی بوو لە لاپەڕەی مێژووی کوردستان و عێراق و ناوچەکەشدا، چونکە بۆ یەکەمجار دەوڵەتی عێراق ناچار کرا دان بە مافەکانی گەلی کورد بهێنێت و بەهۆیەشەوە دامودەزگای ئۆتۆنۆمی لە کوردستان بنیاد بنرێت و بۆ ماوەیەک ئاشتی باڵ بگرێت و شەڕیش کۆتایی بێت. سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتی عێراقی ئەوسا کە بەهۆی کودەتای (١٧)ی تەممووزەوە تازە هاتبووە سەر کار و لەمەشدا پێویستی بە پشوویێک هەبوو، هەم بۆ سەقامگیربوونی حوکمڕانییەکەی و هەمیش بۆ خۆ بەهێزکردنەوەی، بەڵام ئەو ڕێککەوتنامەیە بۆ کورد لەو کات دەسکەوتێکی بێ وێنە بوو (( چونکە یەکەمجار بوو لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا کە بەڕەسمی مافە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کورد بسەلمێنرێت، یەکەم جار بوو بەری ڕەنجی خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد ببێتە دەستکەوتێکی مادی و مەعنەوی بۆ هەموو گەلی کورد)) (شۆڕش حاجی، ٢٠٠٣، ل٢٩). لەگەڵ ئەوەشدا چارەنووسی ئەو ڕێککەوتنامەیە هاوشێوەی چەندین ڕێککەوتنامەی دیکە دووچاری شکست هات، بەتایبەتیش کاتێک ڕژێمی بەعس لەدوای بەهێزبوونەوەی و چەسپاندنی حوکمڕانییەکەی، لێی پەشیمانبوویەوە (( ئیدی وردە وردە دوای خۆ بەهێزکردنەوەی حیزبی بەعس پشتگیریکردنی لەلایەن رووسیاوە وایکرد، لەهەموو ئەو بەڵێنانەی کە بەکوردی دابوو پەشیمان بێتەوە، ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی جەزائیریش لە نێوان عێراق و ئێران لە ڕۆژی (٦)ی ئازاری (١٩٧٥)دا بە سەرکردایەتی (سەدام حوسێن) و (شا) بە یەکجاری کۆتایی بە ڕێکەوتننامەی (١١)ی ئازار هێنا)) ( کانیاو رحمان، ٢٠١٥، ل٩٧-٩٨). بەمشێوەیە ئەو ڕێککەوتنامەیە هەرەسی بە شۆڕشی ئەیلول هێنا و باوردۆخێکی نالەبار رووبەرووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوویەوە، دواجاریش لە سەرهەڵدانی شۆڕشێکی تازەدا خۆی بینیەوە، کە لەژێر کاریگەرییەکانی ڕێککەوتنامەکە و هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوولەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەو بارودۆخە بەشێوەیەکی گشتی جێگەی بایەخ پێدانی ڕۆماننوسان بووە. لەم رووەوە لەڕۆمانی (**سەگوەڕ**)ی (**محەمەد موکری**)دا ڕۆماننوس لە ناو ڕووداوەکاندا دێتە سەر کاتی ئەو ڕێککەوتنەوە و بەشێوەیەک ئاماژەی بۆ دەکات کە کارەکتەری سەرەکی لە پێشمەرگایەتی نەماوەو بەهۆی شەری ناوخۆییەوە هەڵوێستی وەرگرتووە وچەکی داناوەو رووی لە شاری (بەسرا) لەخوارووی عێراق کردووە و کار دەکات (( **تۆ چەکەکەت دانا.. بەدزییەوە خۆت گەیاندە (بەسرە) پێناسی ساختەو ناوگۆڕین فریات کەوت! خۆتت شاردەوە بەنانە سکی ئیشت کرد... ئەوەندە ئاگات لەدایکت نەما، وات زانی دایکت دڵی بەم کارەت خۆش دەبێ. کەچی پاش چەن ساڵێ غەرییبت و لەگەڵ یازدەی ئازاری حەفتادا گەڕایتەوە**)) (سەگوەڕ ل٦١). لێرەشدا ئاماژەیەکی روون بەو دابەشبوونە دەدات کە لەریزی شۆڕشدا هاتە کایەوە و دوو بەرەی دژ بەیەکی لێ کەوتەوە و بەهۆی هاوسەنگی هێز و ململانێیە سیاسییەکانیشەوە، بەرەیەکیان لایەنی حکومەتی هەڵێژارد وگەڕایەوە لای حکومەت و لەوێ


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پشتگیری کران، ئەمەش لەڕووی کاتەوە سالانی شێستەکان دەگرێتەوە کە ساتی شۆڕشی ئەیلوول بووە و ئەو باروودۆخە تا کاتی ڕێککەوتنی (١١)ی ئاداری (١٩٧٠) درێژەی کێشاوە، لێرەدا ڕۆماننوس لەرێگای ژیان و گوزەرانی کارەکتەرێکەوە کە سەر بەو بەرەیە بووە کە بەلای حکومەتدا بووە وێنای ڕووداوەکانی ئەو کاتە دەخاتەڕوو، بەئاراستەیەکی دیکە وێنای کارەکتەرێک دەکێشێت کە نارازی بووەو خاوەن هەڵوێستی سیاسی خۆی بووە، لەکەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی تایبەتی خۆشی لەمەڕ ڕووداوە سیاسییەکان دەربڕیوە و هەوڵی داوە وەکو کەسێکی سیاسیی ڕۆشنبیر مامەڵە بکات و دژ بە زوڵم و نادادپەروەری بوەستێتەوە. ئەو هەڵوێستانەی ئەویش سەرەڕای ئەوەی کە سیاسەت دروستی کردووەو ڕووبەڕووی کرۆدتەوە، لەکەڵ ئەوەشدا کاریگەرییە نەرێنییەکانی سیاسەت لەسەر تاک بەتایبەتی و کۆمەڵگە بەگشتی بەدیار دەخات، بەتایبەتیش وەرگرتنی ئەو هەڵوێستانە لەژێر زەبری سیاسەت بووە، بەو واتایەی سیاسەت ڕێرەوی ژیانی دیاریکردووە و گوزارشتی لە تەرزی ئەو جۆرە ژیانەش کردووە. بەمشێوەیە ئەو ڕێککەوتنە لەناو ڕەوتی ڕووداوەکاندا وەکو کۆتایی هاتنێکی شەڕ و نەهامەتییەکانی و سەقامگیربوونی ئاشتی باسی لێوە کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننوس ئاماژەی بەو چوار ساڵەی ڕێککەوتنەکە کردووەو ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی شێوازی بەڕێوەچوونی سیاسەت و حزبەکان لەو ماوەیەدا گرتووەو بە کارێکی قێزەونی چواندووە (( **لە سالانی ١٩٧٠-١٩٧٤ لە کونجێکدا لەگەڵ دایکە کلۆڵەکەتدا دەژیایت... ڕقت لە چەپڵە و دروشمی نێو ئاودەستخانەکان دەبووەوە ــ کە ئەو چوار ساڵە ـــ لە سەر دیواری ئاودەستخانەوە چووبووە سەر زاری زۆربەی زۆری خەڵکەکە، هەوڵت دەدا بۆ خۆت و دنیای خۆت و بەختەوەری دایکە کلۆڵەکەت بژیت**)) (سەگوەڕ ل ٦٢) ، لێرەشدا ڕۆماننوس بەهۆی هەڵسوکەوتی کارەکتەرەوە نادادپەروەی لەدەسەلات و گەندەڵییەکانی ئەو دەسەلاتەی کە بەهۆی ڕێککەوتنەکەوە هاتۆتەکایەوە باس دەکات و پەنجەی بۆ درێژ دەکات، بەو واتایەی لێکەوتەکانی ئەو ڕێککەوتنە بەلای ڕۆماننووسەوە نەرێنی بووەو نایەکسانی و نادادپەروەری سیاسی و کۆمەلایەتی هێناوەتە کایەوە و کۆمەڵگەی هەر لەچوراچێوە دواکەوتووەکەی هێشتۆتەوە و نەبۆتە ئەو ڕاستەرێیەی کە بنچینەو بناغەکانی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و خۆشگوزەرانی لێ بەرهەم بێت، دیارە ئەمەش بەهۆی دەسەلاتەوە بووە، جا ئەو دەسەلاتە، دەسەلاتی شۆڕش بێت، یاخود ئەو دەسەلاتە بێت کە دوای ڕێککەوتنەکەوە ڕابەرایەتی کۆمەڵگەی گرتۆتە دەست. لەرێگەی تەریکبوونی کارەکتەر و تێکەلاونەبووی لەژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی لەو چوار ساڵەی کە ڕێککەوتنە کارا بووە، ڕۆماننوس ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ڕێککەوتنەکە بۆ دەسەلاتدارانی شۆڕش بووە، نەوەک بۆ خەڵکی، بە پێچەوانەوە خەڵک و کۆمەڵگە ژیانێکی کوڵەمەرگی بەسەربردووە، هەڵوێستی کارەکتەریش دیارە وەکو نموونەی تاکێکی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە، هەڵوێستێکی دیاریکراوەو لەجیاتی بەرەنگاربوونەوەی ئاکامەکانی ڕێککەوتنەکە، گوشەگیری هەڵبژاردووە، بەو واتایەی چارەنووسی خۆی تەسلیم بە ڕێککەوتنە کردووە و دژ بەو شێوازە دەسەلاتدارییە بووە لە هەڵبژاردنی حکومڕانیدا. سەرەڕای ئەو ڕەخنەگرتنەش لە میانەی شێوازی بەڕێوەچوونی سیاسی و حزبی و کارگێری لە کوردستاندا، ڕۆماننوس ئامازەی بە چارەنووسی ئەو ڕێککەوتنەش داوەو کە شکستی هێناوەو شەڕ دەستی پێکردۆتەوە. ئەمەش خاڵی جیاکەرەوە لەگەڵ ڕۆمانی (ئاشتی کوردستان)دا کە تەنیا باسی لە ڕێککەوتنەکەو کۆتایی هاتنی شەڕ کردووە. لەم ڕۆمانەدا بۆ یەکەمجار ئامازە بە شکستی ئەو ڕێککەوتنەو دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەر و پەیوەندیکردنی کردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بەهێزی پێشمەرگەو چوونە ناو شاخەوە دەبینرێت، ئەو دیمەنەش تێکهەڵکێشی ڕەخنەیەکی توند کراوە (( **هەر کەساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ ئەحمەد و ڕەئووفی هاوڕێتا لە کەرکووکەو بەرەو سەنگاو کەوتنە ڕێ ئیتر نەگەڕێنەوە کەچی لەسەنگاوەوە هەتا چەمچەماڵ گەڕایتەوە ئەحمەد و ڕئووف گەلێ زۆریان لێ کردی. ( عەیبە و تازە هاتووین و دوایی خەڵکەکە چیمان پێ دەڵێن..) ( برا .. من لە ترسی ئەو دە دوازدە کەسە کەرکووکم جێ هێشتووە کەچی ئەوان، پێش ئێمە لەوێدان و هەریەکەش لە سێ ڕەخت**


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**کـــەمتری نەبەســـتووە))** (ســـەگوەڕ ل٦٢)، لێـــرەدا ڕووبـــەڕووی دیاردەیـــەکی گەنـــدەڵی لـــەڕووی سیاســـی و پێشمەرگایەتیش دەبینەوە کە بۆ یەکەمجار لە ڕۆمانی کوردیدا ڕووناکی دەخرێتەسەر، ئەویش ئەو دووڕوویی و جاشایەتی و خائیناتییە کە لە تاکی کوردیدا هەیە، وەکو ئەوەی کە ڕۆماننوس باسی لەو کەسانە کردووە کە لەکەرکوک چییان بەخەڵکەکە کردووەو کاتێکیش چوونەتە ناو شۆڕشەوە ئەوان لەپێشتر خۆیان گەیاندوویەتی، هەر بۆیە کارەکتەری سەرەکی کە هەمیشە لەبەرانبەر ئەو دەسەڵاتەی شۆڕشدا دردۆنگ بووەو گەلێک جار گۆشەگیری هەڵبژاردووە، دڵی لەسەر ئەو کارە سارد دەبێتەوە و هەوڵ دەدات بگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی هاوڕێیەکانییەوە دەمێنێتەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کەموکوڕی لە ناو شۆڕشدا زۆر بووەو کەموکوڕییەکانیش کوشندە بووە و چارەسەر نەکراون و لەدواجاریشدا ئەنجامی خراپییان هەبووە. کە ئەویش نسکۆ (ئاشبەتاڵ)ی شۆڕشی لێ کەتۆتەوە و کاریگەرییەکی نەرێنی بەسەر تەواوی کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە. ئەو ڕۆمانە بەیەکەم ڕۆمانی کوردیدا دادەنرێت کە باسی لەو کارەساتە کردبێت و پەنجەی تاوان و ڕخنەی توندی ئاراستەی حزب و ڕابەرانی ئەو شۆڕشە کردبێت. ئەوەتا لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکییەوە کە بەنارازیبوونەوە بەشداری ئەو شۆڕشەی کردۆتەوە ئاماژە بەو کارەساتە دەدات (( **بەنابەدڵییەوە، بەشداریت کرد و بوویتە شاهێدی ئاشبەتاڵ، گەڕایتەوە، هەموو ئەو (جوامێر و عەگید و ڕۆستەمانەت) بینی کە چۆن بەشەو ڕۆژێ پێستی شێریان لەبەر داماڵین و کورتانیان لێ نان. ئای کە پێکەنیت بەخۆت و بەقوربەسەریی میللەتەکەت دەهاتەوە کە دەتبینی زۆربەی زۆری (سکرابە سیاسییەکان) هەر یەکەو حیزبێکی دامەزارند، هەمووشی هەر دەیوت ( حوکمی زاتی حەقیقی! و لەسەر ڕێبازی مارکسی** )) ( سەگوەڕ ل ٦٣) ئەم ڕەخنەگرتنە لە شۆڕش و سەرکۆنەکردنی نسکۆی ١٩٧٥ بۆ یەکەمجارە لەڕۆمانی کوریدا لای لێ دەکرێتەوە. هۆکاری ئەو نسکۆ و ئاشبەتاڵەش حیزب و سەرکردە سیاسییەکانە کە لە دەقەکەدا بە سیکرابی سیاسی ناویان دەبرێت. لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە بەهیچ جۆرێک ڕۆماننوس ناوی هۆکارە دەرەکییەکانی ئەو نسکۆیە ناهێنێت و ئاماژە بە ڕۆڵی سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ئەو سەردەمە ناکات، بەڵکو زیاتر ئۆباڵی ئەو شکستە گەورەیەی شۆڕش بۆ هۆکارە ناوخۆییەکان دەگەڕێنێتەوە، بەتایبەتیش ڕەفتار و هەڵسوکەوتی سەرکردەکان کە جۆرێک لە چەواشەکارییان لە میللەت کرد و ڕۆڵی گوێدرێژیان بە میللەت بەخشی. هەروەها ڕۆماننوس جیا لەمە ئاماژە بە ساویلکەیی میللەت دەکات کە سەرەڕای هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە شۆڕش بەسەریدا هێناون، هێشتا بڕوایان پێی هەیەو خۆشباوەڕن و پەیتا پەیتا بەرەو ئەو حزبانە دەچن کە سەرکردە بەزیوەکانی شۆڕش لەدوای ئاشبەتاڵ دایانمەزارندووەو وزیاتریش لەسەر ڕێچکەو ڕێبازی مارکسی بووە. بەو واتایەی ڕۆماننوس تەنیا باس لە خودی ڕووداوی ئاشبەتاڵەکە ناکات، بەڵکو بارودۆخی دوای نسکۆ دەخاتەڕوو. ئەوەتا ئاماژە بە حاڵەتی ساویلکەیی و خۆفرۆشی بەشێک لە ئەندامانی میللەتیش دەکات کە دووبارە لەم بارودۆخەدا چوونەتەوە ناو شاخ (( **یەک دوو مانگ پاش ئاشبەتاڵ، زانیت، چەند کەسێکی (مودمن) لەسەر پێشمەرگایەتی بەچیاوەن...! ئیتر کوردی تفەنگ دۆست لێیانەوە ئالان... بوونە سەد، دوو سەد ، هەزار... هەر کوردی دەچووە سەریان... پیسەی پشوو.. کوردفرۆشی و کوردایەتی لەبرەودا بوون و هاوسەنگ!**)) ( سەگوەڕ ل٦٣) لێرەشدا ڕۆماننوس هاوسەنگی هاوکێشەیەک لەناو کۆمەڵگەی کوردی دەخاتەڕوو کە ئەویش کوردفرۆشی و کوردایەتییە، بەو واتایەی ئەو دوو پرۆسەیە لەیەک کاتدا لەناو کۆمەڵگەی کوردی بەڕێوەدەچێت، لەم ڕووەو بارودۆخی دوای ئاشبەتاڵیش هەمان بارودۆخی پێش ئاشبەتاڵی دووبارە کردەوەو کوردفرۆشی و کوردایەتی درێژەی بە کاری خۆی دا و لەهەمانکاتیشدا کۆمەڵگە جگە لە پێشمەرگایەتی کە ڕۆماننوس بە مودمن ناوی دەبات، بیری بۆ خەباتی دیکە نەچووبوو. لەم ڕووەوە ڕۆماننوس لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکییەوە وێنای کۆمەڵگەی کوردی دەکات کە کۆمەڵگەیەکە لەسەر پێوەرەکانی پێشکەوتن

بەڕێوەناڕوا، بەڵکو زیاتر کۆمەڵگەیەکە پشتی بە قەدەر و نەریت بەستووە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە کارەکتەری سەرەکی لە ڕێکخستنەکانی ناو شار ئاشکرا دەبێت و بەناچاری پەنا بۆ چیا دەبات، لێرەدا ڕووکارەکانی کۆمەڵگەی نەریتگەرا و دواکەوتوو و داخراو دەخرێتەڕوو، کەلەو جۆرە کۆمەڵگەیانە کاروباری هزری بایەخی نییە و زیاتر کۆمەڵگەی ڕەوشتین و ڕەفتارەکان بایەخیان لە هزرەکان زیاترە. لەوەها کۆمەڵگەیەکیشدا بێگومان ڕەوتە کۆنەخوازەکان و عەشیرەت و خێڵ و ئاغا و پیاوانی ئایینی ساختە ڕۆڵیان دەبێت و ڕەنگە لەناو شۆڕشیدا هەر ئەوان حاکمی باڵا دەست بن، ئەوەتا ڕۆماننوس ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ئەو سەردەمەمان بۆ دەکێشێت کە ترسی لەم جۆرە حاڵەتانەی سەرەوە دەردەبڕێت (( **خەمی ئەوەت هەبوو (دیسانەوە پاش ئاشبەتاڵ و ئەم تێهەڵچوونە هەر عەشیرەتبازی و چاوپۆشین و ئاغایەتی لەگۆڕدا بێ.. دیسانەوە ڕێ لە ڕۆشنبیران گرتن دەکەنە ئامانج ! یا وەک دەڵێن: چەشە وترە پەیمان لە خشتە دەباتەوە!)** )) (سەگوەڕ ل٧٣)، ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە باسی لێوە بکەین ڕۆڵی ڕۆشنبیرانە لەوەها کۆمەڵگەیەدا، کە بێگومان ڕۆڵێکی هەستیار و بەرپرسیارەتییەکی گەورەیان لەسەر شانە، ئەم کارەش بێ مەترسی نییەو بگرە باجەکەی ڕەنگە بە ژیانی خۆیان کۆتایی بێت، ئەوەتا ڕۆماننوس ئاماژەی بەو حاڵەتە ترسناکە کردووەو کە لەوەها کۆمەڵگەیەکدا ڕێگەگرتن لە ڕۆشنبیران ئامانجێکی گرنگیانە، چونکە ئەگەر ئەوان سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئیدی میللەتێکی وشیار و چاوکراوە بەرهەم دێت و جێگەی ئەوان لەق دەکات. لێرەشدا دووبارە ڕۆماننوس ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی شۆڕش و حزبە کوردییەکان دەکاتەوە کە هیچ وانەیەکیان لەو کارەساتی ئاشبەتاڵە وەرنەگرتووەو بەهەمان شێوە و فۆرمەوە هاتوونەتەوە ناو گۆڕەپانەکەوە (( **هەیهۆ ... هەیهۆ... هەمان دامودەزگا کۆنەکان.. هەمان ڕوخسارە بزەئامێزی چاپلووسی و همان گەوج و ئەحمەق ، بەڵام هەر یەکە و لەبەرگێکی ڕازاوە بەدەیان دروشمی بریقەداری کاڵفام خەڵەتێن، خۆیان خستۆتەڕوو**)) (سەگوەڕ ل٧٣) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە سەرەڕای نەهامەتی و ئەنجامە تاڵەکانی ئاشبەتاڵ ، بەڵام نەسەرکردە سیاسییەکانی کورد و نەلایەن و حزبەکانی کوردی و نەمیللەتەکەش وانەیەکیان لێ وەرنەگرت و بەهەمان بیروبۆچوونی جارانەوە هاتنەوە گۆڕەپانەکەوە. کە ئەمەش ڕەخنەی توندی ڕۆماننوسە لەم بابەتەوە. لەلایەکی دیکەوە ڕۆماننوس لەڕێکەی ژیانی کارەکتەرەوە ئەو دەخاتەڕوو کە سیاسەت چ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ژیان و گوەزەرانی کۆمەڵگەدا داناوە، بەتایبەتیش سیاسەتێک کە نادادپەروەری و نایەکسانی لێ بەرهەم هاتبێت، بۆیە دەبینین لەڕێگەی ئەو کارەکتەرەوە کە وەکو نموونەیەکە بۆ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە، سیاسەت بەقورساییەوە ژیانی بەڕێوەدەبات و هەر چەندە کارەکتەر هەوڵی خۆی دەدات و لەگەڵێک ڕووداوی سیاسیدا هەڵویستی تایبەتی خۆی دەبێت و هەوڵیش دەدات ئاراستەکانی ئەو سیاسەت و دەسەڵات بخاتەوە سەر ڕاستەڕێی خۆی، کەچی لەو هەوڵانەی سەرکەوتوو نابێت و دواجاریش خۆی دەبێتە قوربانی ئەو سیاسەتە نادادپەروەر و نایەکسان و ژیانی خۆی لەسەر دادەنێت. دیارە لە وەها حاڵەتێکدا کە چارەنووسی کارەکتەری تێدا دیاریکراوە، قەبارەی ئەو کاریگەرییە نەرێنییە لەسەر کۆمەڵگە بەتەواوی بوارەکانییەوە دێتە بەرچاو کە لە حاڵەتێکی تەواو چەقیو و چەسپاودا بووەو نەیتوانیوە بەرەوە پێشەوە هەنگاو بنێت. لەڕاستیدا ئەم ڕۆمانە جیا لەوەی کە هەڵوێستی ڕوونی ڕۆماننوس کە خۆشی لەناوچە ئازادکراوەکان ژیاوە و ئەو کارەسات و شکستانەی بینیوە، پیشان دەدات. لەهەماکانیشدا دەستپاکی ڕۆماننوس لە گێڕانەوەی ڕووداوە سیاسییەکان و ڕاستگۆیی لە گوتنی سیاسی دەردەبڕێت، کە ئەمەش بە هەنگاوێکی گەلێک گرنگ لە مێژووی ڕۆمانی کوردی لەقەڵەم دەدرێت .

لەڕۆمانی (**هەرەس**)ی (**محەمەد موکری**)دا هەرچەندە باسی شۆڕشی ئەیلولی بەشێوەیەکی فراوان خستۆتەڕوو و لەلایەن ورەهەندەکانی ئەو شۆڕشەی کۆڵیوەتەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بە ڕێککەوتنامەی (١١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠) نەداوە، کە دەسکەوتێکی گرینگی ئەو شۆڕشە بوو. ئەمەش لەبەر


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

ئەوەبووە کە ڕۆمـاننوس قورسـایی کارکردنەکـەی لەسـەر ئـەو شۆڕشـە لەسـەر ئـەنجام و کۆتـایی شۆڕشـەکە چڕ کردۆتەوە، کە هەرەسهێنانی شۆڕشە، لەبەر ئەوە ناونیشانی ڕۆمانەکەشی هـەر بـە (هـەرەس) ناونـاوە ، ئەمـەیش لەم ڕوانگەیەوە بووە کە میللەتی کورد هەمیشە لە چوارچێوەی دووانەیی (شۆڕش و هەرەس)دا ژیاوە، لەبەر ئەوە ڕۆمانەکە سەرلەبەری ڕووداوە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی لەخۆگرتووەو بەتایبەتیش پانتـایی ڕووداو باسـکردن بـووە لە هۆکار و لێکەوتەکانی شۆڕشەکان و ئەو کاریگەرییانەی لەسەر تاک و کۆمەڵگەی هەبووە، بەتایبەتیش شۆڕشی ئەیلوول کە پانتاییەکی زۆری ڕووداوی ناو ڕۆمانەکەی گرتووە و ڕۆماننوس بە ئاشـکرا و دیدوبۆچوونـەکانی لەمـەڕ ڕووداوەکانی ئەو شۆڕشەی باسکردووە. دیارە ڕۆماننوس زیاتر لایەن نەرێنی و خراپەکانی ئەو شۆڕشەی مەبەست بووەو هۆکارەکانی ڕووخانەکەی باسکردووە، لەبەر ئەوەش خۆی لەباسکردنی لایەنە ئەرێنییەکانی بواردەووە. بۆیە بەهیچ شێوەیەک ناوی ئەو ڕێککەوتنامەیە و ماوەی جێبـەجێکردنی ئـەو ڕێککەوتنامەیـەش کـە لـەنێوان سـاڵەکـانی (١٩٧٠-١٩٧٤) بەواتا چوارساڵی تەمەنی شۆڕش باس نەکردووە. بەڵکو ڕووداوەکـانی باسـکردنی ئـەو شۆڕشـە لـە پەیماننامەی جەزائیرەوە باسی لێوەکراوە، لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو ڕێککەوتنەش، ئێران کـە پاڵپشـتی شـۆڕش بـوو هێزەکانی خۆی کشاندەوەو شۆڕشەکەش هەرەسی هێنا (( **مقۆ مقۆ کەوتبووە نێو پێشمەرگەکانەوە دەیانووت، لە جەزائیر ئیتفاقیە کراوە. پاش ئەو مقۆ مقۆیە، بەیەکدوو ڕۆژێ، هەرچی تۆپی ئێرانی و ئارتەشی (شاهەنشـاهی) لەنزیکمانەوە هەبوون هەموو ڕۆیشتن... هەندێ کەس، هەستیان بە پشت شکاندن کرد وورەیان نـەماو دەسـتیان بەئەژنۆدا دەکێشاو دەیانوت: فەوتاین ، پشتمان شکا**)) (هەرەس ل٢٤٧)، کەواتە هۆکارە دەرەکییەکان کاریگـەری گەورەیان لەسەر ڕەوتی شۆڕشەکەدا هەبووە و دواجاریش ئەو هۆکارە دەرەکییانـە ڕەنگدانـەوەی نـەرێنیان لەسـەر کۆمەڵگەدا هەبووە، بەو پێیەی کە هەرەسی شۆڕش کارتێکردنێکی گەورەی لەسەر تاک و کۆمەڵگەی کـوردی دانـا و لەتەواوی بوارەکاندا دووچاری جۆرێک لە شـۆکبوونی کـردەوە، بەتایبـەتیش کـە تاکـەکانی کۆمـەڵگـەی هیـوار و ئومێدێکی گەورەیان بە شۆڕش هەبووە و لەئەنجامیشدا جگە لە بێ ئومیدبوونێکی گەورە، کۆمەڵگەش ڕووبـەڕووی جۆرێک لە شێواوی و وەستان بوویەوە. هەروەها لەشوێنێکی دیکەشدا ئاماژە بەدووبارە هەڵگیرسانەوەی شـۆڕش و ڕووداوەکانی دوای ساڵی (١٩٧٤)دا دەکات، ئەمیش لە دیمەنی کارەکتەر (خەجێ) کە کوڕ و بووکەکـەی بـەڕێ دەکات بۆ ئەوەی بچنە ناو چیاو دووبارە بەشداری لـە شـەڕدا بکەنـەوە لەسـاڵی (١٩٧٤)دا کـە دیـارە (خـەجی) وەکو دایکێک ئەوەی تێدا بەدی دەکرێت کە قوربانی بە منداڵەکانی بدات لـە پێنـاو شۆڕشـدا، ئەمـە جگـە لـەوەی خۆشی لەناو شاردا کار بۆ شـۆڕش و پێشـمەرگە دەکـات، لێرەشـدا لـەڕێگای دیارخسـتنی ڕەهەنـدی سیاسـی ئـەو کارەکتەرانـەوە ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە کـە تاکـەکان کەوتونەتـە ژێـر کاریگەرییـەکانی ئـەو شۆڕشـەو لەپێناویشـدا قوربانیـان داوە، بـە ئاراسـتەیـەکی دیکـە تاکـەکانی کۆمـەڵگـە لـە ژیـانێکی ئاسـایی خۆیـان لـەناو کۆمـەڵگـەدا دوورکەوتوونەتـەوەو ڕووەوە کـاری سیاسـی و سـەربازی ڕۆیشـتوون بـە مەبەسـتی ئـەوەی ئـاوات و ئامانجـەکانی شۆڕشـەکە بـەدی بهێـنن. هـەر لەڕوانگـەی ئـەو کارەکتەرانەشـەوە سـاتەکانی هـەرەس هێنـان باسـدەکرێت کـە لەڕۆمانەکەشدا قورسایی ڕووداوکان دەکەوێتە سەر هەرەسهێنانی ئەو شۆڕشە، ئەمەش لەڕوانگەی گفتوگۆی نێوان چەند پێشمەرگەیەکەوە (ئەحمـەد و لـەتیف و حوسـێن)دا خـۆی دەبینێتـەوە، ئـەوان هێشـتا بەتـەواوەتی بڕیـاری خۆیان نەداوە، بەڵام لەمبارەیەوە وتوێژیان دەکرد کە چ هەنگاوێک بگرنە بەر، دیارە ئەو سێ کارەکتەرە کە وەکـو نموونەیەک بۆ سەرجەم پێشمەرگەکان وەرگیراون و بەهۆیەوە بـارودۆخی پێشـمەرەگە چ لـەڕووی سیاسییەوە و چ لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە دەخرێتـەڕوو، ئـەو گفتوگۆیـەی نێوانیشـیان لـە مەسـەلەی بـەرگریکردن یـاخود خۆڕادەستکردنەوە، هەستیاری ئەو بارودۆخەی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگە و هەروەها چارەنووسی شۆڕشیش پیشان دەدات دیارە ڕووداوی هەرەس، ڕووداوێکی وا گەورە بووە کـە ڕۆمـاننوس لـە گـەلێک گۆشـەنیگاوە سـاتەکانی ئـەو


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەرەسـەی تۆمـارکردووە، هـەر لـەنـاو شۆڕشـدا کـە بـەهۆی ئـەو کارەکتـەرە پێشـمەرگانەوە بـارودۆخی شـۆڕش دەخرێتەڕوو تا دەگاتە ناو شارو دێهاتەکانەوە، واتە لەناو کۆمەڵگەشدا ڕۆماننوس ساتی هەرەسەکە تۆمـار دەکـات و لەرێگـەی کارەکتـەرێکی وەکـو (خـەجی)ەوە کـە گەشـتێک بـۆ ناوچـە ئازادکراوەکـان دەکـات و ئـەو هەرەسـە دەبینێت، ئەو دیمەنانە جێگەی قبوڵکردن نەبوون، بۆیە (خەجێ) وەکو دایکی پێشمەرگەیەک ئـەوە بـێ هـەرس نەدەکرا کە بەیەکجار شۆڕش کۆتایی بێت و ببڕێتەوە، هەرچەندە (( **بەچاوانی خۆی دەیان پێشمەرگەی تەسلیم بووی بینی، بەسوێ ی ئەوەوە بوو ناسیاوێکیان ببینێ و لێ ی ببیستێ... مارف - هاوڕێ ی ئەحمەدی بینی. لێ ی پرسی: ئەرێ چۆن وا.؟ چی بوو؟**

**- ئیتر.**

**ـ یانی تەواو... هیچ نەما ... هەر هیچ نەما؟!**

**ـ بەڵێ تەواو ..چۆلەکە کوژیش نەما....**

**- چۆن؟**

**- فرۆشراین.. هەرزان فرۆشیان کردین.. ئێمە و وڵاتیان نایـە نێـو جانتـاییێکی دەبلۆماسـی ، وێسـتگا بەوێسـتگا، لەنگەر بەلەنگەر هەراجیان کردین .**

**- ئەو هەموو پێشمەرگەیە ... ئەو هەموو چەکە.. بەجارێ؟**

**- بەڵێ تەنانەت ئەو تفەنگانەی زمانی حەق گۆمان بوون، لەو ڕۆژە دا لاڵ بوون، مەیین، بێزیان لەخۆ دەکردەونە کە بەشانی ئێمەوەن**)) (هەرەس ل٢٢٦)، ئەو دیمەنانەی هەرەس وا دەکات لە حەوشەی مـاڵی (خـەجێ) پرسـە بۆ شۆڕش دابنرێت، بەتایبەتیش کە ئەو کوڕەکەی پێشمەرگەبووە و خەڵکی وا لە ناو ماڵەکـەی کۆبوونـەوە وەکـو ئەوەی ئەو خاوەنی شۆڕش بێت، ئەمە ئاماژەیەکە بۆ پەیوەندییەکی توندوتۆڵی کۆمەڵایەتی، کە خەڵـک هەسـت و سـۆزێکی گـەورەیـان بـەو خێزانانـە هـەیـە کـە منداڵـەکانیان پێشـمەرگەن، بـەو ئاراسـتەیـەی کـە پـەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ڕووداوە سیاسییەکان و بەهۆی ئـەو پـەیوەندییـە کۆمـەڵایەتییـەوەش کـۆدەنگییکی جـەماوەری لەبەرانبـەر شۆڕشـدا دروسـتکردووەو لـە پـەیوەندییـەکی کۆمـەڵایەتیـەوە گـۆڕاوە بـۆ پەیوەندییەکی سیاسی و ئایدلۆژی و هەموو ئەوانەی کـە مەبەسـتیان بـووە کۆمـەڵگـە لەرێگـەی شۆڕشـەوە ڕزگـار بکەن کۆکردۆتەوە. بەئاراستەیەکی دیکە ئەو کۆبوونەوەیە ڕەهەندی سیاسی و ئایدلۆژی خەڵکەکە نیشان دەدات، چونکە ئەوانەی کە لەوێن هەموویان هەمان بیروبۆچوونی سیاسیان هەیە و هەمووشیان پاڵپشتی شـۆڕش بوونـە. لەهەمان کاتیشدا ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کاریگەرییە خراپەکانی بـۆ سـەر دەروونـی ئـەو خـەڵکـەش نیشـان دەدات و ئەوەش ڕوون دەکاتە کە خەڵکی سـەرەڕای نەهەماتییـەکانی ئـەو هەرەسـە، کـەچی بـەهۆی پـەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەوڵی سارێژبوونی ئەو برینە دەدەن و پاڵپشتی لەیەکتر دەکەن. بەمشێوەیە هـەرەس ببـوو بـە ڕۆژەف و لەهـەمـوو شـوێنێک بـاس هـەر باسـی هـەرەس بـوو، قـەبارەی باسـکردنەکەی هـەرەس لەوەشـی تێپەڕاندبوو، تەواوی دەزگاکانی دنیا باسیان لێوە دەکرد و شرۆڤەی بارودۆخەکەیان دەکرد، جیا لەمەش لێبوردنی گشتیش هاتبووە کایەوەو بەهۆیەوە زیندانییەکانیش ئازاد کران، ئەمەش زیاتر ڕەوتی ئەو هەرەسەی خێراتـر کـرد (( **هەواڵی ئاشبەتاڵ گەیشتبووە هەموو دنیا، ئیستگەکان هەر یەکەو بەجۆرێ باسیان دەکرد ، پاش ئاشبەتاڵ بە دە دوانزە ڕۆژێ (عەفو عام) شمولی تەوقیفەکانی (هەیئە)شی کرد** )) (هـەرەس ل٣٥٠). کەواتـە هـەرەس بـەهۆی ئـەو کاریگەرییانـەی کـە لەناوچەکـەدا هـەیبـوو، لـەڕووداوێکی ناوخۆییـەوە گـۆڕا بـوو بـۆ ڕووداوێکـی نێودەوڵەتییەوە و ببوە قسەوباسی هەموو دنیا، ئەمەش وای کردبوو کۆمەڵگەی کوردی لەبەرانبەر ئـەو هەرەسـەدا هیچ جۆرە بەرگرییەکی پێ نەکرێت و لەهەموو بوارەکاندا خۆی بخاتە ژێر ڕکێفی ئەو داڕووخانـە گـەورەیـە، دیـارە میریش هەستی بە گەورەیی ئەو ڕووخان و وێرانییە گەورەیە کردبوو کە دووچاری کۆمەڵگەی کوردی ببووە، بۆیـە

باشترین دەرفەت بوو کە بەتەواوی کۆمەڵگەی دەستەمۆ بکات و ئایدلۆژیایەکانی خۆی لەسەر فەرز بکات، بۆ ئەمەش بە چەند هەنگاوێکەوە زیاتر کۆمەڵگەی دووچاری داڕمان کرد، لەوانەش لێبوردنی گشتی، کە واتای کۆتایی هاتنی رووداوەکان دەگەیەنێت و باڵادەست بوونی خۆی پیشان دەدات، لەهەمانکاتیشدا بەهۆیەوە هەوڵی ئەوەی دەدا گەورەیی خۆی لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەناو ناخی بەزیوی تاکەکانی کۆمەڵگە بخاتەڕوو و جۆرێک لە راکێشان و متمانەهێنانەوەی ئەوان بەدەست بهێنێت.

دواتر هەر لەناو دەقەکەدا هۆکارەکانی ئەو هەرەسە دیار دەخرێت ، ئەو هۆکارانەش زیاتر لە دوو توێی ئەو رەخنە و گازاندەو گلەییانەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئاراستەی شۆڕشەکە کران و پەنجەیان لەسەر خاڵە لاواز و سستەکانی ئەو شۆڕشە دادەنا کە زەمینەساز بوون بۆ رووداني ئەو هەرەسە، لەوانەش:

ا- بەرپرسانی شۆڕش کاریگەرییەکی گەورەیان هەبووە لە رووداني هەرەسدا، چونکە ئەو بەرپرسیانە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان خستبووە پێش بەرژەوەندییە گشتییەکان و ئەوەندەی بەدوای دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیان و کەرستەکانی رابواردن بوون، ئەوەندە لەخەمی خزمەتکردنی خەڵک و کۆمەڵگەکەیان نەبوون، ئەو بەرپرسانە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان سڵیان لە گرتنەبەری هیچ جۆرە رێگایەک نەدەکردەوە، هەر لە درۆو دەلەسە و تا دەگاتە خیانەت و خۆفرۆشییەوە، ئەمەش وای لە تاکەکانی کۆمەڵگە کردبوو متمانەیان بەو شۆڕشە لاوازبێت بەدوودڵییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، چونکە کاروکردەوەی ئەو بەرپرسانە کاریگەری تەواوی لەسەر رەوشی شۆڕش و هەروەها لایەنەکانی کۆمەڵگەش دانابوو، بۆیە یەکێک لەو هۆکارانەی کە بوە هۆکاری هەرەسهێنانی شۆڕش و رێککەوتنامەی (١١)ی ئادار، بوونی ئەو بەرپرسانە بوون کە دوای هەرسیش خۆیان فرۆشتەوە حکومەت و ئەمجارەیان بەشێوازێکی دیکە و بەشەرمکردن روویان لە کۆمەڵگەکەیان نابووەوە و دووبارە قسەیان بۆ دەکردنەوە. ئەم بارودۆخە لەسەر زاری کارەکتەرێکی وەکو (خەجێ) پەردەی لەسەر هەڵدەماڵدرێت و رەخنەی ئاراستە دەکرێت: **(( خەجێ قەد باوەڕی نەدەکرد تا بەچاوانی خۆی لە تەلەفزیۆندا بینی: ئەوا بەکۆمەڵ ، دەستە دەستە پێشمەرگە چەکی قورس و سووک دادەنێن و تەسلیم دەبنەوە!! ئەوە (فلانە کۆنە مەسئولیش) لەتەلەفیزیۆندا دەڵێ: ــ خەڵکینە.. بەهەڵەدا چووبووین.. میری نیشتمانی بەڕەحمە!! ئێمە خراپ بووین... میری لێ ی بووردین... ئیدی ئێوەش بچنە دووی کەسوکارتان بیانهێننەوە ... بەسە ئێمە سەر بە ئیستعمار و زایۆنییەت. سەدان وشەی بێ شەرم ، لەزبڵدانی ڕەوشتی بێ ڕەوشتانیش جێ ی ئابرویان دەزاند، هەروەک ئەوەی خۆیان نەبایان دی بێ و نەباران! لەرادیۆ و تەلەفزیۆندا سەدان تانە وتوانجیان دەگرت... کەچی ساڵێ لەوە بەریش هەر ئەو (ترە مەسئولانە) بوون دەیانەڕاند: ــ هەڤاڵان .. خەڵکی بەشەرەفی کوردستان! گەر میری دەست لە تەرحیل و تەعریب هەڵنەگرێ، ئەوا دەبێ دەرسێکی ئەوتۆی بدەین کەهەرگیز لەبیری نەکات ))** (هەرەس ل٢٢٤). لێرەشدا رووی راستەقینەی ئەو بەرپرسانە بەدیار دەکەوێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوەکاندا، کە ئەوان تەنیا بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان کار دەکەن و باکیان بەسەر میللەتەوە نییە و لەم کارەشیاندا هیچ شەرم ناکەنەوە. لێرەدا هۆکارێکی راستەقینەی هەرەسهێنان بەدیار دەکەوێت کە نەبوونی بەرپرسی راستەقینە و دڵسۆزە، دیارە شۆڕشێک کە بەرپرسی راستەقینەی و دڵسۆز و بە ئەمەکی نەبێت چارەنووسی هەر هەرەس و تێکشکان دەبێت. لەو وتانەی کارەکتەرێکی وەکو (خەجێ)ەوە جۆرێک لە بێ متمانەیی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و شۆڕش بەدی دەکرێت، لە هەمانکاتیشدا نائومێدییەکی لەناخی پەنکخواردوویدا دیار دەبێت، کە لێرەدا رۆماننوس وەکو نموونەی تاکێکی کۆمەڵگە پیشانی داوەو کاریگەرییەکانی ئەو هەرەسەی لەسەر بەدیار خستووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ب - یەکێکی دیکە لەهۆکارانەی کە دارمان و هەرەسی شۆڕشی لێکەوتەوە، بوونی ململانێی چینایەتی بوو لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، بەو واتایەی بوونی چینێکی دەوڵەمەندی ئاغا و دەرەبەگەکان کە هەمیشە بەدوای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانەوە بوون و چ باکیان بە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە نەبووە، لەگەڵ بوونی چینێکی رەشوڕووتی چەساوەی لە هەموو مافێک بێبەشکراو. دیارە ئەو چینە باڵادەست و دەرەبەگە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان سڵیان لەهیچ شتێک نەکردۆتەوەو زۆر بەلایانەوە ئاسایی بووە پەیوەندی لەگەڵ حکومەت لەدژی شۆڕش دابنێن، یاخود هەر لەناو شۆڕشدا کار بۆ بەرژەوەندییەکانی حکومەت بکەن، بۆیە رۆماننوس کۆمەڵێک گەندەڵی گەورە ئاماژە پێدەکات کە کاریگەرییان لەسەر ئەو هەرەسەدا هەبووە، لەوانەش چینی ئاغا و دەرەبەگەکان بوون کە لەهەردوولاوە شۆڕش و حکومەت بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان بوون (( **(لەملا) - لای شۆڕش - گەر راوێژکار نەبا ئەوا لەبەرگی ( ئامر هێز) یا (ئامر بەتالیۆن) بەهەندێ قسەی زل و فیشاڵ، بەدرەفتارەکانی دادەپۆشی و بەردەوامی بە پیشەی ئاغایەتیەکەی دەدا، دەست و پێ ی نۆکەر و دەکەر، حەرەمخانە و دیواخان، دەس لە سەر سینە و زەردەخەنەی مەکربازانە، بە پۆشاکی شۆڕش — گێڕانەوە— داپۆشرابوو. (لەولاشەوە) — لای میری - سەرەک جاش بوو، گوند سووتاندن و چیا گرتنی بە قۆنتەرات لەمیری دەگرت تەنانەت سەلامیشی بۆ جوندی ئەوەل دەکرد و پێ ی دەووت سەییدی!! دەست و پێوەنەکەشی (چش)))** (هەرەس ل١٨٨). لێرەدا ئەوەی ناوی بیرو هزر و هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەرەوەرییە بەدی ناکرێت، بەڵکو بەرژەوەندی کەسی و خۆفرۆشی و جاشایەتی لە پێناو لایەنی ماددیدا بە ئاشکرا کاریان لەو چینە کردووەو بۆ ئەم مەبەستەش سڵیان لەهیچ نەکردۆتەوە لە سوتاندنی گوند و دەرەبەدەرکردنی خەڵکی و کوشتنیاندا، دیارە رژێمیش سوودێکی باشی لەو چینە بینیوە لە بەرەنگاربوونەوەی شۆڕش و هەمیشە لەپێناوە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە بەکاری هێناون، بە ئاراستەیەکی دیکە رژێم سوودی لە ململانێی چینانی لەناو کۆمەڵگەی کوردی بینیوە بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕش و رابەرینەکان و لەمەشدا توانیویەتی هەمیشە ئەو درزو کەلێنانە بدۆزێتەوە بۆ چوونە ناو کۆمەڵگەی کوردی و لەبەرژەوەندی خۆی بەکاریان بهێنێت. ئەوەی زیاتر قورەکەیە خەستتر کردبووە، دەست تێکەڵکردنی بەرپرسانی شۆڕش بوو لە گەڵ ئەو چینە دەرەبەگە و تێکەڵکردنی بەرژەوەندییەکانی هەردوولا بە ئاراستەی دابینکردنی مەرامەکانیان، ئەو کاروکردەوەیەی بەرپرسانی شۆڕشیش رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە گەیاندنی شۆڕش بە هەرەس و لەناوچوون، رۆماننوس بەشێک لە کردەوەی ئەو بەرپرسانەی شۆڕش باس دەکات کە هەر بەدوای بەرژوەندییەکانی خۆیان و منداڵانەکانیان بوون و بەهیچ شێوەیەک یاساکانی وڵاتیان نەدەپاراست، بەمەشەوە جۆرێک لە نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و دواتریش ئابووری و سیاسی لێ هاتە ئاراوە (( **لەملا گەورە پیاوانی مەسئولیان دەنارده داخوازی فلانە کچی فلانە ئاغا بۆ فیسارە کورە مەسئولی نەخوێنەوار. لەملا واستەیان دەکرد تا کورەکەی فلانە مەسئولی خوێنڕێژ کچەکەی بخوازێت!**)) (هەرەس ل١٨٨).

ئەم جۆرە پەیوەندییەی نێوان بەرپرسانی شۆڕش و لایەنەکانی ئەو چینە، لەسەر هەژماری چینی رەشوڕووتی کۆمەڵگە بووە، هەمیشە ئەوان باجدەرەی ئەو جۆرە هاوپەیمانەتییە بوون، کە ئەمەش وای کردبوو کۆمەڵگە بەرەو لێکترازان ببات و متمانەی ئەندامانی کۆمەڵگە بە شۆڕش لەق بکات و دواجاریش بەرەو هەرەس و تێکشکانی ببات.

ج - گرنگیدان و بایەخدانی سەرکردایەتی شۆڕش بە کەسانی دووڕوو و ماستاوچچ، کە هەمیشە بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەوتن و بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەیان بەلاوە دەنا و شۆڕشیان بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەهێنا (( **لەملا ئینتهازی و ماستاو کەر لەریزی پێشەوە تەراتێنیان دەکرد! لەولا دەبوونە مدیری عام و وەزیری کارتۆنی.** ....)) (هەرەس ل١٨٨). بێگومان ئەو دوو ڕوویی و نیفاقییە هۆکارێکی گەورە بوو لەسەر زوو خێرا هەرەسهێنانی شۆڕەشەکە. بایەخدان بە کەسانی دووڕوو ماستاوساردەکەرەوە بەشێوەیەک کە ئیدارەی گشتی


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

وڵاتیان پێ راسپێردرێت و پلەی وەزیفی گرنگ و هەستیاری جومگەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیان لەدەست بێت، خۆی لەخۆیدا کارەساتێکی گەورەیە، لەلایەکەوە لەڕووی سیاسییەوە دەبێتە هۆکاری لەناوچوونی متمانەی خەڵک و لاوازبوون و سستبوونی بیری نەتەوەیی و نشتمانپەروەری لای تاکی کۆمەڵگە و لەدواجاریشدا کۆمەڵگەیەکی بێ ئینتیما و بێ هەستێکی سیاسی بەرهەم دێت، لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە درز و لێکترازانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی و رۆشنبیری لەناو کۆمەڵگە دروست دەکات و تاکەکان پەرتەوازە دەکات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەئاراستەیەکی خراپ دەبات و سست و لاوازی دەکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێک نەخۆشی دەروونی و گرێی کۆمەڵایەتیشی لێ دەکەوێتەوە، لەڕووی کارگێری و بەڕێوەبردنەوە سپاردنی جومکەکانی حومکڕانی بەو جۆرە کەسانە، سەرەڕای نەهێلانی متمانەی خەڵکی بەو دەسەڵاتە و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، جۆرێک لە نایەکسانی و نادادپەروەریش گشت کایە و بوارەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە کە ئاسەواری خراپی لێدەکەوێتەوە.

د- بڵاوبونەوەی کاری سیخوڕی و خۆفرۆشی بەشێوەیەکی بەربڵاو لەناو کۆمەڵگەدا، کەئەمەش دەرئەنجامی ئەو خاڵانەی سەرەوە بووە کە باسکرا، بێگومان لەناو کەشوهەوایەکی وادا کاری سیخوڕی و خۆفرۆشی دەبێتە کارێکی ئاسایی لەناو کۆمەڵکە و بگرە پێشبڕکێی بۆ دەکرێت و خەڵک هەوڵ دەدەن لە ناز و نیعمەتەکانی ئەو جۆرە کارانە بخۆن، بەتایبەتیش ئەو کەسانەی کە ئاستێکی نزمی رۆشنبیری و پەروەردەییان هەیە و بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەون، رۆماننوس ئاماژەی بەم لایەنە کردووە و ئەوەی پیشان داوە کە ئەوکاروکردەوانە تەواوی لایەنەکانی ژیانی گرتبووە (( **لەملا بەناوی (بعثات) بۆ فێرە ئەلف و بێ ی مێبازی و قاچاغچییەتی کوڕی مەسئولەکانیان دەنارده دەرەوەی وڵات. لەولا بۆ جاسوسی دەنێردرانە دەرێ ی وڵات .... لە قوتابخانە جاسوسی یەکانی دریدا (مۆدێرترین) وانەی پیاوکوژیان دەخوێند. لەملا مەسئولی گومرگ... لەولا قاچاغچی و...**)) (هەرەس ل١٨٨). ئەو جۆرە کاروکردەوانە وایان کردبوو کۆمەڵگە دووچاری دارمان و چەقین بێت و هیچ هەوڵێک بۆ هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەیەکی کراوەو هاوچەرخ نەبێت، چونکە لەو جۆرە کۆمەڵگەیانە کە هەمیشە دەبێت کۆمەڵگە لەبارێکی دواکەوتوویی و چەقین و وەستاندا بمێنێتەوە، تا بەهۆیەوە تاکەکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بە ئاسانی دەستەمۆ بکرێن و وێژدانیان بکرِدرێتەوەو بەو ئاراستەیەی کە دوژمن دەیەوێت بەکارببرێن.

ه - سەرەڕای ئەمەش چیرۆک گەلێکی دزی و گەندەڵی لەناو خەڵک لەسەر بەرپرس و کەسانی بەرژەوەندیخواز بڵاببووەو کە هەر دوای هەرەسەکە روویاندابوو، هۆکار گەلێکی ئاشکرا بوون بۆ ئەنجامی ئەو شۆڕشە، لەوانەش کاتێ (خەجێ) بەدوای هەواڵی کوڕەکەی کە پێشمەرگە بووە دەچێتە ناوچەکانی سەر سنوور، لەناو ئەو ئوتومبێلەی کە گەشتەکەی پێدەکات گوێبستی ئەو چیرۆکانە دەبێت کەلەلایەن شوفێر و نەفەر هەڵگرەکانەوە باس دەکرێت ((**مامۆستا یەکێکیان - بەغەیبەت نەبێ - کە چووە دەرێ کرێچی بوو لەم ساڵەدا هەندەی (دە) بایی ناردەوە ماڵێ، لەبری خانووییێک دوویان بۆ دروست کرد، ئەوەتا گەڕاوەتەوە هەر کورەکەی جاران ناچێ. ماشاوالله پۆشتەو پەرداخە هەر بە ئاغا دەچێ .**

**شۆفێرکە خۆی تێهەڵقورتاند: گەلێ چاکی کرد.. چاکی لێ حاڵی ببوو، ئەڵبەتە دەیزانی بیخوات. دەک عافێتی بێ گەر ئەو نەیخواردبا، خوا دەزانێ (ئێستا) لە چ بانقێکی ئەورووپا بۆ حیسابێ چ مەسئوولێ قەید دەکرا**)) (هەرەس ل٣٨٢). بڵاوبوونەوەی ئەو گەندەڵیانەش بەو شێوەیە کە هەموو خەڵک چیرۆکەکانی بزانێت و لەهەمانکاتیشدا سەرکردایەتی شۆڕش خۆی لەو چیرۆکانە دزیبێتەوەو هیچ جۆرە لێپرسینەوە و بەدواداچوونێکی نەکردبێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا تاوانێکی گەورەیە دەرحەق بە تاک و کۆمەڵگە کراو، گەندەڵی و دزی و بەهەدەردانی داهات و دارایی کە موڵکی گشتی کۆمەڵگەن ، جۆرێک لە نائومێدی و بێ متمانەیی لەناو تاکەکانی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کۆمەڵگە دروست دەکات، هەروەکو لەم نموونەیەدا لە قسەکردن و هەڵسوکەوتەکانی کارەکتەرەکانەوە بەدیار دەکەوێت کە ئازارەکانی ئەو جۆرە کاروکردەوانە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە چەند زۆرە. سەرەڕای ئەمەش ئەو جۆرە کاروکردەوانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی خەڵکی بەتەواوەتی هان بدات بۆ ئەوەی دەست بە گەندەڵی بکەن، بەتایبەتیش کە هەڵ و دەرفەت گونجاو لەو بار بێت و لێپرسینەوەوبەدواداچوون نەبێت. ئەمەش کۆمەڵگا بەرەو داڕمان و لەناوچوون دەبات و شۆڕشیش بەرەو هەرەس و تێکشکان.

ئەو هۆکارانە شکستیان بە شۆڕشی ئەیلوول و ڕێککەوتنی (١١)ی ئاداردا هێنا و لەم ڕووەوە تاکی کورد و کۆمەڵگەی کوردی باجێکی قورسیدا لە حاڵ و باوردخێکی خراپدا گوزەرانی دەکرد، ڕۆماننوس کاریگەری ئەو هەرەسە لەسەر تاک و کۆمەڵگە خستۆتەڕوو و ئاسەوارەکانی لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە شیکردۆتەوە، دیارە ئەو ئاسەوارەی کە هەرەس بەسەر تاک و کۆمەڵگەی هێنا گەلێک لایەنی جیاوازی کردەوە، لەوانەش کە ڕۆماننوس لە دەقەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە:

أ- . کزبوونەوەی ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرەی لای تاکی کورد و شکانی ئیرادەی خەباتکردن و قوربانیدان لەپێاو نەتەوە و کۆمەڵگە، بەو واتایەی ئیدی تاکی کورد بڕوای بەخەباتکردن لەپێناو مافەکانی گەلەکەی نەما و ئایندەیەکی ڕەشی دەبینی و هەستی بە نامورادی و نائومێدییەکی گەورە دەکرد، بڕوانەمان بە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر چارەنووسی ئەو کەسانەش دانابوو کە پێیان وابوو خەباتی چەکداری باشترین ڕێگای بەدەستهێنانی مافەکانە، بەڵکو گەیشتبووە ڕادەی تێکچوون و تێکشکانی ئیرادەیان و خۆڕادەستکردنەوەیان بە تاکە ڕێگای دەربازبوون لەو نەهامەتییە بە باشترین ڕێگا دەزانی، ئەمەش لەڕوانگەی گفتوگۆی نێوان (ئەحمەد و لەتیف و حوسێن)دا خۆی دەبینێتەوە، کە پێشمەرگە بوون و کاریگەری هەرەس لەسەریان بەڕادەیەکە بەتەواوەتی ورەی پێ بەرداون و باوەڕیان بە شۆڕش و خەبات نەماوە و پێیان وایە خۆڕادەست کردنەوە باشترین ڕێگایە، ئەوەتا (حوسێن) لەوەڵامەکانی بۆ (ئەحمەد) کاریگەرییەکی نەرێنی هەرەس بەسەریدا زاڵە (( **ئەڵبەتە دەزانین... دەتەوێ بڵێ ی بەرگری دەکەین، چاکە ئەوان تەواویان کرد، ئەوجا نۆرەی ئێمەیە، برا جەنابت هەرزەکارانە بیر لە شۆڕش دەکەیتەوە... کەم تۆپی تەیارە شکێنمان هەبوو؟ یا ژمارەی پێشمەرگەکانمان کەم بوو؟ ها؟ سەدوبیست هەزار پێشمەرگە ، تەنانەت سەدو بیست دکتۆر و ، دوو سەد ئەفسەری گەورە و چوار پێنج وەزیر، شەست حەفتا ئەدیب و شاعیر، سەدا پەنجای جەماوەری کورد، ها؟ ئا ئەمانە هیچیان پێ نەکرا. قوربان ئێستا دەتەوێ بەم هەشت نۆ کەسە برسی و شکست خوردەیە شۆڕش هەڵگیرسێنینەوە؟ وا بزانم ئەم تەمەنەی ئێمە تەحەمولی تەنها یەک ئاشبەتاڵ دەکات. من خۆم ئامادە نیم بناغەی ئاشبەتاڵێکی دی داڕێژم** )) (هەرەس ل١٨٥) ئەو کاریگەری ئەوەندە بەچڕی بەسەریاندا زاڵە وای لێهاتووە بڕوایان بە ئایندە نەمێنێت و بیریان هەر لەلای هەرەسهێنانی شۆڕشێکی دیکەش بێت، گەر لە ئایندە ڕوویدات.

ب - لەڕووی دەروونییەوە هەرەس و کۆتایی هاتنی شۆڕش کاریگەری و کارتێکردنێکی گەورەی لەسەر دەروونی تاک و کۆمەڵگە درووست کرد و بەڕادەیەک خەڵکانێکی زۆر دووچاری شۆک هاتن لە ئەنجامەکانی ئەو شۆڕشدا و هەرگیز لەو باوەڕدانەبوون چارەنووسیان بەو شێوەیە بێت، بەتایبەتیش کە چینی پێشمەرگە و خەڵکە ڕەشوڕووت و خێرلەخۆ نەدیوەکەی کۆمەڵگە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە خزمەتی شۆڕشدا بوون و بە گیان و ماڵ هەوڵی سەرخستنیان دەدا، لەکاتێکدا شکست و هەرەسی ئەو شۆڕشە بووە هۆکارێکی گەورە لەسەر تێکچوونی باری دەروونیان و دووچاری خەم و پەژارەیەکی سەخت بوونەوە و دڵساردییەکی گەورەیان لەمەڕ مەسەلە نەتەوەیی و سیاسی کۆمەڵگەکەیان ڕووی تێکردن، ئاسەواری دەروونی ئەو هەرەسە ئەوەندە بەسۆ و کاریگەر بوو، کەسانێک توانای قبوڵکردنی ئەو هەرەسهێنانەیان نییە و لەحەژمەتی ئەو بەزین و دۆڕانە کۆتایی بەژیانی خۆیان دەهێنن،


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

ئەمەش لەزاری (ئەحمەد)ەوە بەرچاو دەخرێت کە ئەویش بیری ئەو خۆکوشتنەی بە مێشکی گوزەر دەکات ((**بۆ چەند ساتە وەختێ بیری خود کوژی بە بەرچاویا گوزەری کرد ئەو هاوڕێ یانەی وەبیر هاتەوە کە چۆن — هەر کە هەواڵی ئاشبەتاڵیان بیست و دڵنیا بوون - خۆیان کوشت**)) (هەرەس ل١٩٤) . ڕۆماننوس لەڕێگەی کارەکتەرێکی وەکو (ئەحمەد)ەوە چ وەکو نوێنەرێکی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەکەی و چ وەکو پێشمەرگەک، باری دەروونی کۆمەڵگە و تاکەکانی پیشانی خوێنەر دەدات و ئەو هەژانە دەروونییەی کە دووچاری بوونەتەوەو وای لێکردون پەنا بۆ پرۆسەی خۆکوشتن و کۆتایهێنانی ژیانیان ببن، دەخاتەڕوو، دیارە مرۆڤ کاتێک دەگاتە ئەوەی خۆی بکوژێت، ئەوا واتای ئەوە دەگەیەنێت کە لەبەرچاویدا تەواوی دەرگاکان داخراوەو بەهۆیەوە دەروونێکی شڵەژاوی بۆ دروست بووەو لە بڕیاردانی دروستی دوورخستۆتەوەو توانای بیرکردنەوەی وەستاندووە، گەیشتن بە بارودۆخێکی واش، پێویستی بە ڕووداوێکی مەزن و گەورە لە ژیانی تاکدا هەیە تاوەکو بڕیاری کۆتایهاتنی ژیانی بدات، دیارە هەرەس ئەو ڕووداوە گەورەیە بووە کە توانای ژیانی لە تاکەکانی کۆمەڵگە سەندۆتەوە و چارەنووسێکی ڕەشی پێ بەخشیون.

ج - بارودۆخی هێزی پێشمەرگە لەوپەڕی خراپیدا بوو، هێزی پێشمەرگە پەرتەوازەو پەرش و بڵاو ببووە و کەسێک بەچیاوە نەماوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بڕوابوون بە خەبات و تێکۆشان دووچاری تێکشکانێکی گەورە ببوو، بەو واتایەی ئایدلۆژیای بەرگریکردن و مانەوە لە مەترسییەکی گەورەی لەناوچوون دا بوو، چونکە خەڵکانێک کە هەموو دەرگایەکیان لێ گیرا بوو، تەنیا خۆبەدەستەوەدان نەبێت، کەئەمەش بارێکی سەختی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ هێزی پێشمەرگە دروست کردبوو، تا گەیشتە ئەوەی بەتەواوەتی هەڵبوشێتەوەو هەموو ئەندامەکانی چەک دابنن و خۆیان رادەست بکەنەوە، یاخود ڕوو لە ئاوارەیی بکەن، هەروەکو لەگفتوگۆیەکی نێوان (خەجێ) و (مارف)ی پێشمەرگە بەدیار دەکەوێت ((**بەشێکمان لە ئۆردوگاکانی ئێراندا و لەسایەی (شای ئاریا میهر) خەون بە کۆماری کوردستانی مەزنەوە دەبینن. شا بانۆیش تەفسیری خەونەکانیان لە کتێبی (انقلاب سفید) دەکات. شێرو خورشیدیش ئاردو شەکر و چا و پەنیر و چادری بۆ کردوون بە (هەموو شتێ) زەرنەقوتە ئاسا دەمیان داچەقاندووە، ئەویش تێریان دەکات (انقلاب سفید — یش) فێریان دەکات شا، (لەوانەی) خۆمانی دەکڕێ و قوماریان لەسەر دەکات. بەشێکی دیشمان بەرەو ئەورووپا پێان قووچاند... بەشە زۆرەکەشمان ، ئەوا دەمانبینی چۆن لات لات دەسوڕێنەوە چاوشۆڕ، مل کەچ، بە نائب عەریف دەڵێن (سەییدی!!) ئەمریش دەرچووە بەرەو خوارووی عێراقمان دەنێرن**)) (هەرەس ل٢٢٧). سەرەڕای ئەمانەش حکومەتی عێراق ئەو پێشمەرگانەی کە ئامادە نەبوون خۆیان رادەست بکەنەوە بەخاوخێزانەوە لە عێراق دەری دەکردن و ڕەوانەی ئێرانی دەکردن، ئەمەش بارەکەی قورستر کردبوو و زیاتر دووچاری پەشێوی و شڵەژانی کردبوونەوە.

د - یەکێک لە ئەنجامەکانی هەرەس، ئاوارەیی بوو، بەتایبەتیش کە خەڵکانێک ئامادەنەبوون سەری بەرز بۆ حکومەت بهێننە خوارەوەو ژیانی تاراوگەو ئاوارەییان هەڵبژارد، بەواتایەی دوورکەوتنە لە خاک ونەتەوە، دواجاریش دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگەکەی خۆیان بە تاکە ڕێگای دەربازبوون لەو نەهامەتی و تێکشکانە لەقەڵەمدا، بۆیە ژیانێکی دیکەی دوور لە کۆمەڵگەکەی خۆیان دەست پێکرد، بەو واتایەی دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگە، واتە دوورکەوتنەوە لەو ڕۆشنبیرو کولتوورەی کە ساڵەهای ساڵە لەناویدا ژیان و پەروەردەکران، لەهەمانکاتیشدا چوونە ناو کۆمەڵگەیەکی دیکەی نامۆ لە هەموو بوارەکانی ڕۆشنیری و زمان و کولتوور و کۆمەڵایەتی .....تاد. بەتایبەتیش لەناو ئەو کۆمەڵگەیە تازەیەدا ناسنامەیەکی دیکەی هەڵگرت کە ئەویش ئاوارەیە و کەمپەکانی ئاوارەیی بوونە ئەو کۆمەڵگەیە تازەیە کە سەرلەنوێ پەیوەندییە کۆمەلایەتی و ئابووری و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پـەروەردەییـەکانی خـۆی لەسـەر دابڕێژرێتـەوە، بۆیـە کـۆچکردن ئوردوگاکـانی ئێرانـی ئـاوەدانتر کردبـووە، بۆیـە بارودۆخی ئەوانیش لە ئوردوگاکانی ئێران خراپتر بوو، هەروەکو ڕۆمـاننوس ئامـاژەی بـۆ دەکـات زیـاتر لـە دوانـزە ئوردوگای تایبەت بە ئاوارەکانی شۆڕش لە ئێران کرابووە، ئەو ئوردگایانە ئێران لە سەر سنوور دایمەزراندبوون بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە ئامادەی خۆرادەستکردنەوە نەبوون، هەروەها بۆ ئەوانەی کە گوندەکانیان سووتێنرا بـوون و شەڕ ناوچەکانی کاولکردبوون، ڕۆماننوس باس لە شێوازی ژیان و سەرەتاکانی دروستکردنی ئەو ئۆردووگایانـە و بەش و پێکهاتەکان و ژمارەی نیشتەجێ بوونی ئاوارەکان دەخاتـەڕوو (( **ئۆردوگاکـان لەناوەڕاسـتی هـاوینی ١٩٧٤ دامەزران، سەرەتا بە چادر و تەلبەند کردنی دەورووبەری دەستی پێکرد، پاشـانیش لەسـەرەتای زسـتاندا بەپەلـە (قاوش ) یان دروست کرد ، هەر قاوشە چوار بەش بوو، هەر بەشەو دوانزە ژووری تیادا بوو، هەر ژووریـش بـۆ خێزانێ بوو، چ ئۆردووگایەکیش لە دوانزە قاوش و نزیکەی حەوت سەد خێزان کەمتری تێدا نـەبوو** )) (هـەرەس ل٢٥٧). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ئوردوگایانە خەڵکەکانیان لە تێکەڵبوون لەگـەڵ کۆمـەڵگـەی ئـەو وڵاتـە جیا دەکردەوە، کە ئەمەش بارێکی دیکەی ناهەموار و جۆرێک لە نامۆبوونی لای ئاوارەکان دروسـت دەکـرد، ئەمـە سەرەڕای ئـەوەش کـە حکومـەتی عێـراق نـاوە نـاوە نوێنـەری خـۆی دەنـارد نێـو ئـەو ئۆردووگایانـەو بـۆ ئـەوەی هەڵوێسـتی حکومـەتیان بـۆ روون بکەنـەوەو هانیـان بـدەن خۆیـان رادەسـت بکـەن و بگەڕێنـەوە. گـەلێکجاریش خەڵکەکە بەردبارانی دەکردن و ئاژاوە رووی دەدا و (ساواک) کە دەزگای هـەواڵگری ئەوسـای ئێـران بـوو دەهاتـە ناوەوە بۆ کۆتایی پێهێنانی بارودۆخەکە، بەو ئاراستەیەی کە هێشتا جۆرێک لە خۆڕاگری لەلای خەڵکەکە مـابوو و کە لەو ژیانە پڕ لە مەرگەی نـاو ئوردوگاکانـدا دژایـەتی حکومـەتی عێراقیـان دەکـرد، ئەمـەش لایـەنی دەروونێکـی ئەرێنی خەڵک نیشان دەدات، کە سەرەڕای دوورکەوتنەوە لە خاک و نیشتمان و کۆمەڵگەیان، کەچی ئامادەن نـین بەمەرجەکانی دەوڵەت و هێشتا بڕیاری بەرنگاربوونەوە دەدەن.

ه - ڕۆمـاننوس لەرێگـەی پیشـاندانی بـارودۆخی تایبـەتی شـاری کەرکوکـەوە، هەوڵیـداوە بـارودۆخی نـاوخۆیی کوردستان لەدوای هەرەسدا بکێشتێت، کە هەرچەند بارودۆخەکە گەلێک خراپتـر کـەوتبووە، لەلایەکـەوە حکومـەت بەهەموو شێوەیەک دەیویست سوود لەو بارودۆخە ببینێت و کۆتایی بە شـۆڕش و گیـانی یـاخیبوون و خـەبات و تێکۆشانی خەڵکەکە بهێنێت، بۆیە بەچەندین شێوازەوە هاتبووە پێشەوە، لەوانەش لێبوردنی گشـتی دەرکردبـوو و زیندانییەکان ئازادکرابوون، بارودۆخی شاری کەرکوک کە قووڵاییەکی ستراتیژی لەمەسەلەی نەتەوەیی کوردا هەیـە و بەلای ڕۆماننوسەوە ئەو کۆمەڵگەیە کە چارەنووسی شـۆڕش و پـەیوەندییـە سیاسـی و کۆمـەڵایەتییـەکان نێـوان نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەدا یەکلایی دەکاتەوە، بەتایبەتیش ململانێی نێوان هـەردوو پێکهاتـەی کـورد و تورکمان لەدوای هەرەسەوە و بەتایبەتیش مامەڵەی حکومەت لەگەڵ پێکهاتەی تورکمان دەخاتەڕوو کە تا شـۆڕش هەبوو، هەوڵی ئەوەی دەدا تورکمان بەگژ کوردەوە بنێت، بۆ ئەوەی وایـان لـێ بکـات رق لەبەرانبـەر کـورد پەیـدا بکەن و بەهۆیەوەشەوە پەیوەنـدی و پاڵپشـتی شۆڕشـەکەی نەکـەن (( **پـاش ئاشبەتاڵ گلۆڵـەی تورکمانـەکانی کەرکوک کەوتە لێژی یەوە، ئیدی دەوڵەت چ ترسێکی نەبوو، هەندێ تورکمانـەکانی کـەرکوک ئەوەنـدەی کـوردان خەمخۆر بوون، هەندێکی دیشیان خەمخۆر بـوون بـەڵام خەمـەکانیان لـە سـنووری بەرژەوەنـدی تایبـەتی خۆیـان تێنەدەپەڕی ئەویش سەبارەت بەو یاسا کوت و پڕی یە بوو کە : لە کەکەرکوکدا زەوی وزار و خانووبەرە کـڕین بۆ کورد و تورکمان قەدەغەیە!** )) (هەرەس ل٣٦٧). بەمشێوەیە کاتێک دەسەڵات ترسی ئەوەی نەما تورکمانیش پاڵ بدەنە کوردان و بەشداری شۆڕشـەکەیان بکـەن، ئیـدی دەسـتی بەچەوەسـاندنەوەی ئـەوانیش کـرد و هـەوڵی ئەوەی دەدا ئەو شارە بکاتـە شـارێکی تـەواو عـەرەبی و لەکوردسـتانی دابڕێنێت، ئیـدی بەمشێوەیە لەروانگـەی نەتەوەیی عەرەبەوە، هەردوو نەتەوەی کورد و تورکمـان دەچەوسێنرانەوەو شـار بـەدەر دەکـران، ئەمـەش بـەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی شاری کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی کوردستان و لەرێگای هێنانی خێزانـە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

عەرەبەکانەوە بۆ ئەو ناوچانە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەت بە پلانێکی وردەوە هەوڵی گۆڕینی دیموگرافی دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگەیانەی دەدا و سیمایەکی تایبەتی نەتەوەیی بە سەر ئەو کۆمەڵگەیەی دەچەسپاند، بێگومان ئەمە لەڕوانگەی ئەوەوە دێت کە دەسەڵات و هێزی بەدەستەوە بوو، لەو ڕێگەشەوە بەزۆری هەوڵی دەدا کۆمەڵگەیەکی تایبەتی نەتەوەیی لەو ناوچانەدا دروست بکات و نەتەوەکانی دیکەی تێدا بزر بکات وشار بەدەریان بکات.

هەر لەم چوارچێوەشدا ڕۆماننوس باس لە باری سەربازی لەدوای هەرەس دەکاتەوەو یەکەم شەڕی دوای هەرەس تۆمار دەکات کە سوپای عێراق هێرشی کردۆتە سەر ئەو پێشمەرگانەی کە خۆیان رادەست نەکردووە و هەر لە چیادا ماونەتەوە، کە لەنامەیەکدا لەلایەن هاوڕێیەکی (ئەحمەد)ەوە باسی لێوەکرابوو (( **هەر کە ئەرتەشی ئێران بەخۆیان و تړو تەشقەڵەکانیانەوە کشانەوە، ئێمە لەدامێنی خۆرئاوای زۆزکدا بووین، هێرشێکی ئەوتۆی عێراقی کرایە سەرمان... نازانم لەم ساڵەدا هێرشی وا کراوە یا نەو، بەڵام دڵنیام لەمێژووی سوپای عێراقدا شکستی وای بەخۆوە نەبینیوە. بەبێ (پشت) توانیمان بیان شکێنین**)) (هەرەس ل٣٤٨) . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵکانێک ماون و باوەڕیان وایە شۆڕش بەردەوامی پێبدەن و دووبارە لەسەر پێیەکانیان بوەستنەوە و دژ بە حکومەتی عێراقی شەڕ و خەباتی چەکداری دەست پێ بکەنەوە، کە لەو کاتەدا بەدیار دەکەوێت کە (ئەحمەد ونەسرین) بریاری گەڕانەوە دەدەن لە ئێرانەوە بۆ ناو چیاکان و پەیوەندی کردن بەو پێشمەرگانەی کە ماون ، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە لەو ئەورووپاش خەڵکانێک بۆ دۆزی کورد دووبارە تێهەڵچوونەوەو کاریان بۆ کرد. بەمشێوەیە بناغەی شۆڕشێکی دیکە دارێژا و وردە وردە گەشەی کرد و فراوان بوو و جەماوەری لەخۆی کۆکردەوە، لەهەمانکاتیشدا بەشێوازێکی دیکە، جیاواز لە شۆڕشی ئەیلوول ڕەفتاری دەکرد و پەیوەندییەکانی خۆشی دارێژتبوو ، ڕۆماننوس لەسەر زاری (سەلاح) بارودۆخی شۆڕشە نوێیەکە و ڕێبازە فکرییەکی دەردەبرێت (( **ئەم جارەیان وەکو جاران نییە، شتە شت! علاقاتی سیاسیان لەگەڵ دەرەوەدا زۆر پتەوە. تاییدێکی عالەمیان مسۆگەر کردوە. ڕێبازی مارکسیزمیان هەڵبژاردووە ، لەناو خۆیاندا ڕەفتاری سۆسیالیستانەیان هەیە...... لەهەموو وڵاتانی عالەمدا زەمالەیان بۆ قوتابیانی کورد مسۆگەر کردووە** )) (هەرەس ل٤٣٩) سەرەڕای دیاریکردنی هێڵی فیکری و ئایدۆلۆژیای شۆڕشەکە، ئاماژە بەشێوازی کارو گۆڕەپانی خەباتی سیاسیش دەدات، کە ئەمجارە تەنیا کوردستان ناگرێتەوە، بەڵکو لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقیشدا کار دەکەن. کەواتە لێرەدا ڕۆماننوس باسی لەبارودۆخی دوای هەرەس و دووبارە هەڵسانەوەی شۆڕش کردۆتەوە، ئەو کاریگەری و کارتێکردنەی کە شۆڕشی نوێی لەسەر تاک و کۆمەڵگەی کوردی بە ئاشکرا بەدیارکەوتووە هەر لە بەشداربوونی خەڵک لە شۆڕشەکە و دووبارە ڕەووینەوەی تەمی نائومێدی و سەرلەنوێ دەستکردن بەخەباتی مانەوەو بەرگریکردنەوە، دیارە ئەوەش لەرووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بارێکی نەرێنی لەناو کۆمەڵگەدا دروستکردبوو، ببووە جۆرێک لە چارەسەرکردنی بارە ناهەموارەکەی هەرەس و راستکردنەوەی هەڵەکانی پێشتر. شایانی باسە ڕۆماننوس لە ناوهێنانی ئەو شۆڕشە خۆی بواردووە، چونکە ئەو شۆڕشەی کە لەدوای هەرەسەوە هەڵگیرسایەوە، لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە ناوی جیای لێنراوە، لەلایەن (ی.ن.ک) و لایەنگرانییەوە بە (شۆڕشی نوێ) دێنە ناسین، کەچی لەلایەن (پ.د.ک) و لایەنگرانییەوە بە (شۆڕشی گوڵان) دێتە ناسین، هەرچەندە ڕۆماننوس لەڕێگەی ئەو ڕەخنە توندو تیژانەی کە لەشۆڕشی ئەیلوولی گرتووەو هەروەها لەرێگەی دیاریکردنی هێڵی فیکری شۆڕشەکە کە مارکسیزمە، مەبەستی شۆڕشی نوێ بووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئەو زاراوەیەی بەکار نەهێناوە .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئـەوەی جێگـەی تێبینـی و تێڕامانـە نـاوی ڕۆمانەکەیـە، کـە ڕۆمـاننوس (هـەرەس)ی بـۆ دانـاوە، کـەچی لەناوەڕۆکی ڕووداوەکاندا زاراوەی (ئاشبەتاڵ ) زیاتر بەکارهێنراوە لە چاو (هەرەس) و زۆرتر ئەو زاراوەیـە بەسـەر کەشوهەواری دەقەکە زاڵە. ئەمەش ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کە هەر لایـەنێک زاراوەی تایبـەتی بـۆ ڕووداوەکـانی سـاڵانی (١٩٧٤-١٩٧٥) بـەکارهێناوە، لەلایـەن (ی.ن.ک) و لایەنگرانییـەوە زاراوەی (ئاشـبەتاڵ) بـەکاردەهێنرێت، ئەمـەش وەکـو ڕەخنەگرتنێکـە لەسـەرکردایەتی ئـەوکاتی پـارتی و شۆڕشـی ئـەیلوول. لەبەرانبەریشـدا لەلایـەن (پ.د.ک) و لایەنگرانییەوە زاراوەی (نسکۆ) بۆ ڕووداوەکانی ئـەو کاتـە بـەکاردەهێنرێت. دیـارە لەبـەر هەسـتیاری بـارودۆخی نێـوان لایەنـە سیاسـییەکان لـەو سـەردەمەدا، ڕۆمـاننوس زاراوەی (هـەرەس)ی پـێ باشـتر بـووە بـۆ ناونیشـانی دەقەکـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا لەناواخنیـدا زیـاتر زاراوەی (ئاشـبەتاڵ)ی بـەکارهێناوە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێت کە لەڕووی هزرییەوە ڕۆماننوس لە گروپی شۆڕشی نوێ نزیکتر بووە .

لەڕۆمانی (**توانەوە**)ی (**غەفور ساڵح عەبدوڵڵا**)دا بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بە ڕێککەوتنی (١١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠) نـەکراوە، هـەروەهـا ئـامـاژە بـە هەڵگیرسـانەوەی شـەڕ و نسـکۆی سـاڵی (١٩٧٥)یـش نـەکراوە، بـەڵکو لەچوارچێوەیەکی گشتیدا ڕۆماننوس ئاماژەی بە کۆی ئـەو ڕووداوانـەدا نـاوە، بـێ ئـەوەی ڕاسـتەوخۆ نـاوی یەکـە یەکەیان بهێنێت، ڕۆماننوس لەڕێگەی پێشمەرگەبوونی (قارەمان)ی کارەکتەری سـەرەکی دەقەکـە و بەشـداربوونی ڕاستەوخۆی لەشۆڕشی ئەیلولدا ، ئاماژەی بە بێ ئـەنجامی و بـەفیرۆچوونی تەمـەنی لـەو شۆڕشـەدا کـردووە (( **گریانەکەت بۆ پازدە ساڵی بەفیرۆچوونی تەمەنتە، ئەو دەمەی چوویتـە نـاو ـ شـۆڕش ـ تـازە مـووت لێهـاتبوو ، کەچی کاتێک بەدەستی بەتاڵ و بێ ئەنجام بۆ ناو شارەکان گەڕایتەوە، ڕیشت ماش و برنج ببو، زۆربەیان وەکو تۆیان بەسەر هات ، تازە موویان لێهاتبوو چوونە ناو شۆڕش ، کەچی بەکۆڵێ حەسـرەت و مایـەپووچ و ڕیشـی ماش و برنجەوە گەڕانەوە ، گەلێکیان تەمەنی لاوێتیان لەکیس چوو بوو، چاوەڕێی ئەوە نەبوون تازە ژنی شۆخ و شەنگ ئاوڕیان لێ بداتەوە**)) (توانەوە ل ١٢٩) . لێرەدا کاتێک باس لە پازدە ساڵی بەفیرۆچووی تەمەن دەکات، ڕێک باس لـە تەمـەنی شۆڕشـی ئـەیلول دەکـات و بـاس لـە مایـەپووچ و بـێ ئـەنجامی ئـەو شۆڕشـەو گەڕانـەوەی پێشمەرگەکان لە چیاکان بۆ شارەکانیان و چەک دانانیان دەکات. لێرەدا کۆی گشـتی ڕووداوەکـانی ئـەو شۆڕشـە بە هەڵگیرسان و ڕێککەوتن و نسکۆوە لە چوارچێوەی ئـەو دیمەنـدا پیشـان دراوە، لەهەمانکاتیشـدا کاریگـەری و کارتێکردنی ئەو شۆڕشە لەسەر ناخ و دەروونی خەڵکی و بەتایبەتیش کارەکتەری سەرەکی بەدیار خراوە، کـە چ ئاسەوارێکی نەگەتیفی لەسەری ئەو وەک تاکێکی کۆمەڵگە بەجێهێشتووە. دیارە لەچەند شوێنێکی دیکەشدا ئاماژە بەو هەست و نەستە کراوە، کە تیایدا تەمەنی بـەفیرۆچووی کارەکتـەر یەکسـان کـراوە بـە تەمـەنی شۆڕشـەوە و تێیدا ئەو هەسـتە نەرێنییـە لەبەرانبـەر شـۆڕش و ئەنجامەکـەی خراوەتـەڕوو. بـەو واتایـەی لێـرەدا بەشـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بێ ناوهێنان ئامـاژە بـە گشـت ڕووداوەکـانی شۆڕشـەکە لـە ڕێککەوتنامەکـە و تـا دەگاتـە نسـکۆ و کۆتایی هاتنی شۆڕشەوە کراوە و لەبۆتەی هەست و نەسـتەکانی کارەکتـەری سـەرەکییەوە دەرخـراوە. هـەروەها کاریگەرییەکی دیکەی شکستی ئـەو شۆڕشـە لـەوە دا بـەدیار دەکـەوێت کـە (قارەمـان)ی کارەکتـەری سـەرەکـی لەدوای گەڕانەوەی و خۆرادەستکردنی، ڕەوانەی شارەکانی خوارووی عێراق دەکرێت (( **ئـەو سـەردەمەی کـە ئـەو شارە گەرداویەی خواروی عێراقت بۆ خۆت هەڵبژارد بوو، وەکو دوورخراوەیەک ، شـەش حـەوت سـاڵی تەمـەنت تێدا زینـدە بـەچاڵ کـرد، هـەزاران یادگـاری شـیرین و تـاڵی کـردە خـەڵاتی سـەرمایەی گـوزەرانی بـەزگماک کوێرەوەریت**)) (توانەوە ل٨٠). دیارە لەدوای ئەو نسـکۆیەدا خـەڵکانێکی زۆر کـە بـە (عائـدون) دەناسـران وەکـو سزایەک ڕەوانەی شارەکانی خوارووی عێراق کران. لێرەشدا ڕۆماننوس بە ئاشکرا بـاس لـەو دیاردەیـە ناکـات و هەمیشە بە هێنانی ناوی شارە گەرداویەکەی عێراق ئاماژەی بەو گواستنەوەیە زۆرەملێیە کردووە .


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

**- ڕاگواستن و بەعەرەب کردن:**

ڕژێمی بەعس بەمەبەستی پاکتاوکردنی نەژادی نەتەوەی کورد و سڕینەوەی کلتور و زمان و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی، هەموو جۆرە سیاسەتێکی پەیڕەوکرد، لەوانەش سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن ، بەتایبەتیش دوای هەرەسی ساڵی (١٩٧٥)دا کاتێک لە بەڵێنی لێبوردنی گشتی پاشگەز بوونەوەو ئەوانەی بەشداری شۆڕشەکەیان کردبوو بۆ شارو شارۆچکەکانی خوارووی عێراق ڕاگوێزرانەوە، تا لەوێ دوور لە خاک و نەتەوەی خۆیان، لەناو کلتوور و کۆمەڵگەی عەرەبیدا بتوێنەوە. سەرەڕای ئەمانەش (( هەر لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە تا (١٩٧٨) تا قوڵی (٣٠) کم خەڵکی ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان ڕاگواست و ئۆردوگاکانی زۆرەملێی بۆ دورستکردن و خستنیە ژێر چادێری دەزگا سیخوڕییەکان، گوندەکانی خاپور کردن ، کانیاوەکانیان چیمەنتۆڕێژ کرد ، کێڵگە و مەزرا کشتوکالیەکانیان وشککردن و و ئەو ناوچانەی لە هەموو جۆرە جولە و ژیانێک و ئاوەدانی قەدەغەکرد )) ( ئاسۆ حەسەن، ٢٠٠٧، ل٤٨). ئەم باردۆخە لە ڕۆمانەکانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتیش لەو ڕۆمانانەی کە لە ناوچە ئازادەکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بڵاوکراونەتەوە، لەوانەش لەڕۆمانی (**هەرەس**)ی (**موکری**)دا ڕاگواستن و وێرانکردن و بەعەرەبکردن و.....تاد، لەناو ڕەوتی ڕووداوەکاندا باسی لێوەکراوەو بەتایبەتیش کە باسی ڕژێمی ئێرانی و عێراقی دەکات کە بۆ لەناوبردن و تواندنەوەو سڕینەوەی گەلی کورد هەمان سیاسەتییان گرتۆتە بەر و هیچ کاتێک سڵیان لەوە نەکردۆتەوە گوندەکان وێران بکەن و خەڵکەکەی دەربکەن و ڕاپانبگوێزنەوە. ئەوەتا لەو کاتەی کە ڕۆماننوس باس لە بارودۆخی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد دەکات، ئاماژە بە گرتنەبەری ئەو سیاسەتەی ئێران دەکات لە مامەڵەکردن لەگەڵ گەلی کوردا، ئەمەش لەو کاتەدا کە (حەمە) کە پێشمەرگەی کۆمار بووەو لەدوای ڕووخانییەوە لەگوندی (هەنجیرە) خۆی دەشارێتەوە، کاتێکیش حکومەت لەڕێگەی خیانەتی (هەیەرە کەچەڵ)ەوە پێی دەزانێت و چەند ژاندرمەیەک بەدوای دا دەنێرێت بۆ گرتنی، کەچی ژاندرمەکان دەکوژرێن. ئەمەش بیانوویەکی باش دەبێت بۆ ڕژێم تاوەکو گوند تەفروتوونا بکات و خەڵکەکەشی بکوژێت ((**لەسەر تەپۆلکەیەکدا هەیەر کەچەڵیان بەرانبەر بە ئاگری دێ یەکە ڕاگرتبوو بە جوانی دەیبینی: ( ئەوا خزم و کەس و کارەکەی ، دانیشتوانی دێ، بە دەم تەقەی ژەندرمەکانەوە بەدەما دەکەون، لاشەکانیان لە نێو ئاگرەکەدا دەبێتە خۆڵەمێش، ئەوەتا بەبەرچاوی یەوە ئاگر گەیشتە خانوەکەی ، ئەوا گڕە سوورەکە ڕووی کردە گەورەکەی ، شێتانە مەڕو بزنەکانی دەباڕێنن.... کزە با ساردەکەش زیاتر ئاگرەکە دەگەشێنێتەوە، ئەوا ئەم کادان بۆ ئەو کادان ئاگر دەنێرێ. یەکە یەکە خانووەکان دادەتەپێن**)) ( هەرەس ل١٩-٢٠). بەمشێوەیە گوندە سووتێنرا و دانیشتوانەکەی ئەو کوژرا، ئەوی سووتێنرا، تەنانەت ئاژەڵ و گیانلەبەران لە ڕق و کینەیان ڕزگاری نەبوو، ئەم تاوانە کە ڕژێمی ئێران ئەنجامدەری بوو، تاوانێکی مرۆڤایەتی گەورەیە کە گوند بە مرۆڤ و ئاژەڵ و پووش و پەڵاشەوە بسووتێنێ، ئەمەش دڕندەیی ئەو ڕژێمە نیشان دەدات. ئەگەر ئەو ڕژێمەی ئێران بەمشێوەبە پەنای بۆ وێرانکردنی دێهاتەکان کوردستان و کۆمەڵکوژیکردنی خەڵکەکەی بردبێت، ئەوا ڕژێمی عێراق لەوی خراپتر دەستی پێکرد بوو سیاسەتی (ڕاگواستن و بەعەرەبکردن)ی کوردستان یەکێک بوو لەو چەکانەی کە ڕژێمی عێراق لەبەرانبەر کورد و شۆڕشەکەی دەستی دابوویەو بەهۆیەوە دەیان و سەدان گوند وێران کران و خەڵکەکەشی ڕاگوێزرانەوە بۆ ناوچەی دیکە، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی گۆڕانکارییەکی دیموگرافی لەناوچەکە بێنێتەکایەوە، بۆیە لەبەرانبەر ئەو سیاسەتەدا، شۆڕش بەرپێکراوەو دژایەتی ئەو سیاسەتەیان کردووە، ئەوەتا ڕۆماننوس لەسەر زاری بەرپرسانی شۆڕشی ئەیلوول ئاماژە بە بەپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتە دەکات ، کاتێک وتاریان بۆ خەڵکەکە داوە ((**هەڤالان... خەڵکی بەشەرەفی کوردستان! گەر میری دەست لە تەرحیل و تەعریب هەڵنەگرێ ، ئەوا**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**دەبێ دەرسێکی ئەوتۆی بدەین کە هەرگیز لەبیری نەکات** )) (هەرەس ل٢٢٤)، ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراقی لەو سەردەمەدا پەیڕەو دەکرا کە شۆڕشی ئەیلوول لە چیاکان لەبرەو دابوو، بۆیە لەدوای هەرەسی ئەو شۆڕشە، ئەو سیاسەتە گەرمتر لە جاران پەیڕەو دەکرا و تاڕادەیەک بەربەستەکانی لەبەردەمیدا کەمتر بوونەوە ، ئەوەتا لەگفتوگۆیەکی نێوان (خەجێ) و (مارف)ی هاوڕێی (حەمە)کوڕییەوە، ئەو ڕاستییە ئاماژەی بۆ دەکرێت و ئەوانەی لەدوای هەرەسەکە خۆیان ڕادەستی حکومەت کردووەو دووچاری ڕاگواستن هاتوونەتەوە (( **بەشە زۆرەکەمان، ئەوا دەمانبینی، چۆن لات لات دەسووڕێنەوە چاوشۆڕ، مل کەچ، بە نائب عەریف دەڵێن (( سەیدی!!) ئەمریش دەرچووە بەرەو خوارووی عێراقمان دەنێرن.**

**- یانی ئەوها؟**

**- هێشتا لەکوێ مانە... تفەنگ و چیا و شۆڕشمان هەبوو (تەعریب و تەرحیلیان) دەکردین، ئێستا مەگەر ئەو خوایە بزانێت چیمان لێ دەکەن**)) ( هەرەس ل٢٢٧). ڕۆماننوس لەڕێگای ئەم گفتوگۆیەوە زانیاری لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی بەزۆرەملێی دەربڕیوە، ئەو سیاسەتەی کە هاوکات لەگەڵ بوونی شۆڕشیدا دەستی لێ هەڵنەگیراوە، بەواتایەی کە حکومەت بەهۆی هێزی چەکداری شۆڕشیش کە گەلێک جار زەبری گەورەی سەربازی پێکەوتووە و لەناوچەی جیاواز شەڕو پێکدادانی سەربازی بەردەوامی هەبووە، کەچی ئەو دەستی لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی خۆی هەڵنەگرتووە , بێگومانیش ئەو سیاسەتە یەکێک بووە لەو چەکانەی کە بەدەستی حکومەت بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕش و لەناوبردنی هێزی دارایی و جوگرافی و ژینگەی شۆڕش، چونکە گوندەکان شوێنەی حەوانەی ئەو هێزانەی شۆڕش بوونەو لەوێوە ڕێکخستن و دارایی و...تاد، ئەو هێزانەی پێشمەرگە بەڕێوە دەچوو. , بۆیە لەناوبردنی ئەو گوندو دێهاتانەو ڕاگواستنی خەڵکەکەی یەکێک لە سیاسەتەکان بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕش و وشکردنی پێگەیەکی بەهێزی ماددی و ژینگەیی شۆڕش بووە. لەدیمەنێکی دیکەدا لەڕێگەی گفتوگۆی نێوان (نەسرین و ئەحمەد)ەوە لەدوای هەرەس، ئاماژە بەوە وێرانکردنی ئەو دێهاتانەی کوردستان دەکرێت ، لەکاتێکدا ڕاوبۆچوونی (نەسرین) لەسەر ئەو وێرانکارییە ڕوون دەکرێتەوە (( **گەر خەمی ئەوەتە دێهاتەکانمان وێران دەکەن، ئەوا من زۆر بە پەراوم و دەڵێم گەلێکم پێ خۆشە... ڕەنگە پێت سەیر بێ و بە (وێرانخواز) بزانی، نەخێر، پێش ئەوەی بپرسی بۆ، من خۆم وەڵامت دەدەمەوە: ئەویش ئینسانی دەهەزار ساڵ لەمەوبەریش لەئەوپەڕی کۆیلەیەتی ی دا قایل نەبووە لەو خانوو بەرەی زۆربەی دێهاتەکانی ئێمەدا ژیان بگوزەرێنێ، خۆ ئەو گوفک و پۆخڵی یەت بینیوە، ئەو هۆدە خانووانەت بینیوە کە تەنها چەپەرێکی دارین بووتە سنووری ئینسان و ئاژەڵ.. ئەڵبەتە بیناتی پاش وێرانەت بینیوە کە چ جیاوازییەکی لەگەڵ (تەعمیری ) نیمچە وێرانەدا چۆنە!**)) (هەرەس ل٢٤٠) لێرەشدا باس لە شێوازی بنیادی گوندەکان و جۆری خانووەکان کراوە کە لەگەڵ شێوازی ژیان و گوزەرانی ئەو سەردەمە ناگونجێن و ئەگەر دووچاری تێکدان و وێرانیش ببنەوە، وا پێویست دەکات دوای نەمانی شەڕ و ئازادبوون بە شێوازێکی هاوچەرخانە بنیاد بنرێنەوە کە لەگەڵ داخوازییەکانی پێشکەوتن بگونجێت. ڕۆماننوس بۆ باسکردنی ئەو سیاسەتەی عێراق، شاری کەرکوکی بەنموونە هێناوەتەوە، چونکە ئەو شارە لەپێش هەموو ناوچەکانی دیکە و بەزوویی بەچڕی کەوتە ژێر شاڵاوەکانی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە جیا لە وێرانکردنی گوند و ڕاگواستنەوەی دانیشتوانەکەی، شارەکانیش بێ بەش نەبووە لە پریشکی ئەو سیاسەتە، بەتایبەیش شاری کەرکووک کە قووڵاییەکی ستراتیژی بۆ کوردستان هەیە و بەهۆی دەوڵەمەندی بەنەوتەوە هەر لەزووە حکومەتی عێراق هەوڵی داوە لەکوردستان دایببڕێت و بیکاتە شارێکی تەواو عەرەبی، بۆ ئەم مەبەستەش پێکهاتەکانی دیکەی وەکو کورد و تورکمان دەرکردووە و لەشوێنی ئەوان عەرەبی هێناوەتە جێگەیان، ئەمەش لەدوای ئەوەی هەوڵی داوە جیاوازی و ناتەبایی بخانە ناو ئەو پێکهاتانەوە، بەتایبەتیش لەنێوان کورد و

تورکماندا، ئەمەش بۆ ئەوەی کە تورکمان نەچنە پاڵ شۆڕشی ئەیلوول و پشتگیری لە کورد نەکەن، لەهەمانکاتیشدا بەهۆی ئەو شەڕەوە دەرفەتی ئەوەی هەبێت شارەکە تەعریب بکات، بۆیە ڕاستەوخۆ دوای هەرەسی شۆڕشەکە، حکومەت بڕیاری ڕاگواستنی کورد و تورکمان لەشارەکە دەردەکات (( **پاش ئاشبەتاڵ گلۆڵەی تورکمانەکانی کەرکوک کەوتە لێژی یەوە، ئیدی دەوڵەت چ ترسێکی نەبوو، هەندێ تورکمانەکانی کەرکوک ئەوەندەی کوردان خەمخۆر بوون، هەندێکی دیشیان خەمخۆر بوون بەڵام خەمەکانیان لە سنووری بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان تێنەدەپەڕی ئەویش سەبارەت بەو یاسا کوت و پڕی یە بوو کە : لە کەکەرکوکدا زەوی وزار و خانووبەرە کڕین بۆ کورد و تورکمان قەدەغەیە!**)) (هەرەس ل٣٦٧). بەهۆیەشەوە ئەو دوو نەتەوەیان ناچار کرد خانووەکانی خۆیان بەزۆر بفرۆشن و نەشتوانن لەو شارەدا هیچ خانوو و زەوی وزارێک بکڕنەوەو بەناچاری بەجێ بهێڵن، بەمشێوەیە ئەو سیاسەتە پەیڕەوی لێدەکرا و شاری کەرکوک کەوتبووە ژێر شاڵاوەکانی ئەو ڕاگواستنە و تەعریبەی کە پلانی بۆ دارێژرا بوو کە سەرەتا گوندەکانی دەروبەری کەرکووکی دەگرتەوە و پاشان ناوشارەکەی بەبەر شاڵاوەکە دەکەوت. بێگومان ئەو سیاسەت و بڕیارەکانی زۆر بەنهێنی جێبەجێ دەکران، هەرچەندە ئەو نهێنییە لەناوخۆدا ئاشکرا بوو و خەڵک هەموو دەیزانی، بەڵام ڕژێم زیاتر مەبەستی دنیای دەرەوە بوو کە نەزانرێت و لێی بێنە دەنگ، بۆیە بڕیارەکانی بەنهێنی دەردەکرد (( **حکومەت قەرارێکی سری دەرکردووە ، دەبێ لەکەرکووکدا کورد وتورکمان نەهێڵێ .. لەجنوبەوە عەرەبێکی زۆری هێناوە** )) (هەرەس ل٤٤٨) . ئینجا ڕۆماننوس لەرێگەی هەڵسوکەوتی چەند کارەکتەرێکەوە کاریگەرییەکانی گرتنەبەر و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی حکومەت دەخاتەڕوو، کاتێک باس لە ڕێکخستنی حزبی دەکات کە لەرێگەی کارەکتەرێکی ئافرەتەوە (ڕێککەوت) کە لەلایەن بەرپرسەکەیەوە ( مامۆستا ڕەشید) ڕادەسپێردرێت پەیوەندی بە (خەجێ) وە بکەن و لە شوێنێکدا خانووێک بەکرێ بگرن بۆ کۆبوونەوەکانیان، لەزاری (ڕێککەوت)ەوە جێبەجێ کردنی پلانەکە باس دەکرێت ((**مامۆستا ڕەشید ، خاڵی یەکەمی بڕیاری پێشوو وەک پێویست جێ بەجێ کرا، لەوپەڕی شار، لەو گەڕەکە تازە دروست کراوانەی کە تێکەڵن، کورد و عەرەب و تورکمان و سوریانی لێ یە، خانووێکی چاکمان بەکرێ گرتووە، سێ ژوور و هۆڵێکی تیادایە، هاوسێ ی دەستە ڕاست عەرەبە تازە لەجنوبەوە هێنراوە، بەرانبەریش عەرەبە، دەستە چەپیش تورکمانە، عەرەبەکان فەرمان بەرن ، تورکمانەکەش (بازرگانە**)) (هەرەس ل٤٥٩) لێرەشدا ئاسەواری ئەو ڕاگواستن و بەعەرەبکردنە بەرچاو دەکەوێت کە کاریگەری لەسەر گۆڕینی دیموگرافیای دانیشتوانی شارەکە کردووە. هەروەها ڕۆماننوس لەرێگەی کارەکتەرێکی تورکمانەوە کە (محەمەد ئەفەنی)یە مەترسییەکانی تورکمان لەسەر جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی ڕاگواستن و بەعەرەبکردنە دەخاتەڕوو (( **لەهەمان کاتیشدا بە پەنامەکی ئەوەیان لا درکاندبوو کە بڕیاری حکومەت ئەوەیە : کورد و تورکمان لە کەکەرکوودا نەهێڵێ و عەرەبی بۆ بێنێ و نیشتەجێ یان بکات، گەر ماڵ ومولکی کورد و تورکمان بەتاڵان نەبات، ئەوا بەنرخی تۆڵەگە لێیان دەکڕی و دەیداتە عەرەب! ئەمانە هەموو ڕەگی ئەو ترسە لەڕادەبەدەرەی محمد ئەفەنی بوون**)) (هەرەس ل٤٦٣). لێرەدا ئەو سیاسەتەی حکومەت لەسەر بنچینەی نەتەوەیی جێبەجێکراوە، بەو واتایەی لەرێگەی سیاسەتی ڕاگواستنەوە هەوڵدراوە نەتەوەیەکی لەڕووی ژمارەو پێگە و نیشتەجێبوونەوە بەسەر تەواوی نەتەوەکانی دیکەدا زاڵ بکرێت و تەواوی کاروباری شاریش لەدەست ئەواندا بێت، ئەمەش لەرێگای هێنانی عەرەب کە نەتەوەیەکی زۆرینەن لە عێراق بۆ ناو شاری کەرکوک و ڕاگواستنی کورد وتورکمان کە نەتەوەی ناعەرەبین، سەرەڕای ئەمانەش ئەو ڕاگواستنە، تەنیا دەرکردنی کەس و خانەوادەکان نەبوو، بەڵکو ڕادەستکردنی هەموو موڵکەکانیش بوو، بەخانوو و زەوی و...تاد، بۆ کەس و خانەوادە عەرەبە هێنراوەکانەوە، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا پێشێلکردنێکی تەواوی یاسا و دەستوور و بنەما ئاینییەکانیشە،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چونکە مافی خەڵکانێک بەناحەق بەخەڵکێکی دیکە دەدرێت کە هیچ خاوەندارییەکی بەسەرەوە نییە. ئەمەش ئەو پیلانە دەردەخات کە لەسەر نەتەوەی جیا جیای ناعەرەبی لە عێراقدا جێبەجێکراوە.

لەرۆمانی (**کانگەی بەلا**)ی (**حسام بەرزنجی**)دا لەدیمەنێکدا ئاماژە بە پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان دەدرێت، کاتێک لەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییەی نێوان کارەکتەری سەرەکی (دارا) و (سەرگوڵ)ەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت ، (( **تاکەی هەراو ڕەش پۆش دەبیت، تازە ئەوەی رۆیشت خوای لێ خۆش بێ، تەمەنی درێژی بۆ ئێوە جێ هێشت.**
**ـ بەدەنگێکی هێمنی پڕ لە قین و تووڕەیەوە وەڵامی دامەوە: هەر کەس شارەزام نەبێ وا دەزانێ لەبەر جوانەمەرگی برام ڕەش پۆشم.. برۆ لە خەڵکی گوندەکەمان بپرسە. من پێنج ساڵیش زیاتر پێش شەهید بوونی (ئازاد) پرسەدارم**)) (کانگەی بەلا ل٥٢). لێرەدا رۆماننوس پەنای بۆ رەمز بردووە، کە ئەویش رەش پۆشییە. دیارە لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی و لەناویشدا کۆمەڵگەی کوردیدا رەش پۆشی نیشانە و هێمایەکە بۆ مردنی کەسێک و بۆ نیشاندانی پرسەداریش، بنەماڵەکەی جلی ڕەش دەپۆشن، وەکو هێمایەک بۆ غەمباری و مات ومەلوولی بۆ لەدەستدانی ئەو کەسە، بەڵام لێرەدا رەش پۆشییەکە ئاماژەدانێکە بۆ کۆی کۆمەڵگە کە لەحاڵەتێکی دژوار دایە، کە ئەویش رووبەڕووبوونەوەی پرۆسەیەکی دژواری گوند تێکدانە. بۆیە (سەرگوڵ) بە ئاشکرا باس لە تێکدانی گوندەکەیان دەکات و هۆکاری ئەو رەش پۆشییە ئاشکرا دەکات (( **هەر لەم رۆژەی کە گوندەکەمان جوانەمەرگ بوو، هەموومان پرسەدارین... گوندە ئاپوورە و قەوغاکەم کە شارێک بوو بۆ خۆی... بە نوێژی نیوڕانێ گەر بەناوی دا رۆیشتبای لەوانە بوو تیایا بزر بووبای لەناو خانووبەرەی قشتیلانە و باخچەی جوان و خنجیلانە و باغ و باغاتی دەرامەتەوە،.... کەچی ئێستا برۆ سەیری بکە گەر بەهۆی گۆڕستانەکەی نەبێ شوێنەوارەکەشی نادۆزیتەوە... من و خەڵکی هەموو گوندەکەش بەگەورەو بچووکیانەوە لەهەنگینێوە ڕا بڕیاری خۆمان دا...** ))
(کانگەی بەلا ل٥٣)، لێرەشدا (سەرگوڵ)ەوە دوو دیمەنی جیاواز لەبارەی گوندەکەیانەوە بەرانبەر یەک دەکاتەوە، لەلایەکەوە وەسفکردن و ژیانی بەر لە تێکدانی گوندەکەیان دەخاتەڕوو، لەلایەکی دیکەشەوە دیمەنی دوای تێکدان و وێرانکردنی گوندەکە پیشان دەدات. لەم بەراوردکردنەشدا ویستوویەتی ئاستی ئەو زوڵم وزۆردارییە بۆ خوێنەران روون بکاتەوە. لەهەمانکاتیشدا هەڵوێستی گوندنشینان لەبەرانبەر ئەو پرۆسە بەدناوە دەربرێت. کاتێک (دارا)ش پرسیاری لەبارەی سوودی ئەو هەڵوێستەی لێ دەکات، لەوەڵامدا دەڵێت : (( **ئەمە هەست دەربڕین و هاوبەشی کردنێکی ویژدانیە، دیارە تا ئێستا ئافرەتێکی وەکو من هەر هێندەی پێ کراوە**)) (کانگەی بەلا ل٥٣). ئەوەی جێگەی باسکردنە، رۆماننوس تەنیا بەوەندە وازی هێناوەو راستەوخۆ وردەکاری تێکدانی ئەو گوندانەو هۆکارەکانی باس نەکردووە. سەرەڕای ئەمەش راستەوخۆ ئاماژەی بە بکەری ئەو کارەش نەداوە کە حکومەتی عێراقی بووە، بەڵکو زیاتر لەم رێگەیەوە وەکو هێمایەک ئەو پرۆسەیەی لەناو رۆمانەکەدا تەوزیف کردووە. دیارە ئەمەش بۆ بارودۆخی ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە سانسۆری رژێم لەو پەڕی بەهێزی دابووەو باسکردنی کارێکی وەهاش مەترسییەکی گەورە بووە لەسەر ژیانی رۆماننوس، تەنانەت ئەو باسکردنەی کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ و زۆر هێمادار و کورتیش بووە، بەڵام بۆ ئەو سەردەم بوێرییەکی گەورە بووە، چونکە دەرگاکانی رادەربڕین و رەخنە لێگرتن، دەرگای مەرگیان بەرووی نووسەر و رۆماننوسان دەکردەوە. لەبەر ئەوە لەم رێگایەوە رۆماننوس توانیویەتی بەگوێرەی سەردەمەکەی خۆی پەیامەکانی خۆی بە خوێنەران بگەیەنێت .

لەرۆمانی (**کوێخا سێوی**)ی ( **عەزیزی مەلای رەش**)دا باس لە راگواستن و داگیرکردنی خاکی کوردستان لەلایەن هۆزە عەرەبەکانەوە دەکرێت، هەر چەندە رۆماننوس ناوی عەرەبیان لێ ناهێنێت، بەڵام لەرێگەی ناوی سەرۆک عەشیرەتەکەو هەروەها خاسیەت و هەڵسوکەوتیانەوە ئەوە بەدیار دەکەوێت کە ئەوانە عەرەبن و هاتوونە سەر خاکی کوردان و داگیر یان کردووە (( **شێخ گومەر کە سەرۆکی عەشیرەتی (کۆچری) بوو، خۆی و قەوم و**


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

**قیلەکەی هاتن دێی گەرحەیان ، کە ئاقاری لەسەر ئاقاری تۆمەر دەگەڕێتەوە ، ئاوەدان کردەوە، ئەو تیرەیە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ڕەوشتیان بە ڕەوشتی بنیادەمان ناچێت، دەست بە دەمای سەگدا دکەن. هەرگیز بڕیان بەخوێن ڕشتن ناشکێت. زۆربەی ژیانیان بە کوشتن و بڕین و تاڵان دەبەنەسەر.. ماڵی خەڵکیان پێ گەزۆ و مازووە.. هەر چەدە لێیان بچیتە پێ خراترن.. وەک میزی حوشتر وانە:هەر بۆ پاشەوە دەگەڕێنەوە))** ( کوێخا سێوێ ل٩). لێرەدا ئەو سیفەتانەی کە ئەو تیرەیە هەیەتی، ئاماژەدانە بۆ بەعەرەبوونیان، بەتایبەتیش ئەو عەرەبانەی کە هاتنە سەر خاکی کوردان و گوندەکانیان داگیرکردن، هەر بەو شێوەیە ڕەفتاریان دەکرد کە ڕۆماننوس باسی کردووە (( کە ئەمەش هێمایە بۆ ڕەوشتی نامرۆڤانەی شۆڤینییەکانی عەرەب، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو سیفەتانەیان هەر بەردەوامە و ئەگەر هەلیان بۆ بڕەخسی خەنجەری ژەهراوی لە کورد دەدەن، چونکە ئەم جۆرە پەروەردە کردنە لە تیرەوە پێی پەروەردە دەکرێ و بەو جۆرە گەورە دەکرێن......... ئەوانە چەند سیفەتێکی تیرەکانی عەرەبی کۆن پێی ژیاون و شانازییان پێوە کردووە و بەردوامیشن لەسەر ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە)) ( شاخەوان فەرهاد محەمەد، ٢٠١٢، ل ٨٦). ئەمەش هەنگاوەکانی ڕاگواستنی گوندە کوردەکان و داگیرکردنی خاکی کوردان لەلایەن عەرەبەکانەوە پیشان دەدات .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

# ئەنجامەکان

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا بە دەستمانهێناون، لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیانخەینەڕوو:

١- بەشێوەیەکی گشتی رۆمانی کوردی لەم ماوەیەدا هەوڵی داوە رووکاری کۆمەڵگەی کوردی بخاتەڕوو، کە کۆمەڵگەیەکی نەریتگەرای داخراوی قەدەری بووە، لەم روانگەیەشەوە رۆماننووسان هەوڵیانداوە لەڕێگای باسکردنی لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی.....تاد، خەسڵەتەکانی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە دیاری بکەن و رووخسارەکانی شیبکەنەوە. لەهەمانکاتیشدا باس لەو گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەش بکەن کە لەو ماوەیەدا هاتوونەتە ئاراوە، کە وایان کردووە کۆمەڵگە، لە کۆمەڵگەیەکی وەرچەرخاو نزیک بکەوێتەوەو زەمینە برەخسێت بەرەو هەنگاونان بۆ کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و کراوە.

٢- شۆڕش و راپەرینەکان وەکو دیاردەی سیاسی لەو ماوەیەدا، بەتایبەتیش شۆڕشی ئەیلول، نەک هەر لەلایەن رۆماننوسەکانەوە باس کراوەو وردەکارییەکانیان تۆمارکراوە، بەڵکو رۆماننوس وەکو کەسێکی لێپرسراوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو دیاردە سیاسییانە و شۆڕش و راپەرینەکاندا کردووەو شەن و کەوی کردوون و رەخنەی توندی ئاراستە کردوون و ئەنجام و کاریگەرییەکانیان خستۆتەڕوو، سەرەڕای ئەمانەش لێکەوتەکانیان لە کاریگەری و پێگەی ئەو دیاردانەش خستۆتەڕوو.

٣- بارودۆخی سیاسی جۆرێک لە زاڵبوونی پێوە دیارە لەناو رۆمانەکاندا، ئەمەش بۆ ئەو بارودۆخە سیاسییە شڵەژاوەی ئەو ماوەیە دەگەڕێتەوە، کە لەلایەکەوە بەهۆی ئەو کودەتایە یەک بەدوا یەکانەی کە روویانداوەو چەسپاندنی حوکمڕانیی نەهێشتووە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەو شۆڕشە یەک لەدوای یەکانەی کوردیش، سەقامگیری سیاسی لاواز بووە، بەتایبەتیش لەناوچەکانی کوردستاندا، بۆیە ئەگەر چی بارودۆخی کۆمەڵاەتی و ئابووری و ئایینی، باسیان لێوەکراوەو رەهەندو لایەنەکانیان شیکراونەتەوە، کەچی بەشێوەیەکی گشتی زیاتر رووداوە سەرەکییەکانی بریتی بوونە لە رووداوی سیاسی ، کە دواتر لە چوارچێوەی ئەو رووداوە سیاسییانەدا، بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینییەکە خراوەتەڕوو.

٤- راکواستن و بە عەرەبکردن وەکو پرۆسەیەکی جینوسایدکردنی کەلی کوردستان لەناو دەقی رۆمانەکاندا جەختی لەسەر کراوەتەوەو رۆماننوسان لەرێگەی کارەکتەر و رووداوەکانەوە ئاکار و ئامانجەکانی ئەو پرۆسەیەیان روونکردۆتەوە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: بەزمانی کوردی

### أ. کتێب:


١. ئاسۆ حەسەن، لەدوو ڕیانی مەرگ و ژیاندا ، چ ١، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکلادنەوەی موکریانی، چ: دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧ .

٢. ئازاد عەبدولواحید کەریم، سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥ .

٣. حسام بەرزنجی، کانگەی بەڵا، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٨.

٤. د.رشاد میران، مەعریفە و کۆمەڵ لەروانگەی سۆسیۆلۆگیای مەعریفەوە، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٢.

٥. شۆڕش حاجی رسول، ئەنفالی کورد و دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٣ .

٦. عەبدوڵڵا سەراج، هەڵکشان بەرەو لوتکە، دار الحریە للطباعة، بغداد، ١٩٨٩.

٧. عەزیزی مەلای ڕەش، کوێخا سێوێ، الأمانە العامە الثقافة و الشباب، هەولێر ١٩٨٦.

٨. غەفور ساڵح عەبدوڵڵا، توانەوە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیر، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٩.

٩. موکری، سەگوەڕ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی شەشەم، هەولێر ، ٢٠٠٨.

١٠. موکری، هەرەس، چاپخانەی بێسارانی، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

١١. محمد موکری، تۆڵە، ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپی پێنجەم، سلێمانی، ٢٠١٥.

١٢. مەجید مەحمود، شیعر و فەلسەفە، و: فۆئاد مەجید میسری، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چ٢، ٢٠٠٨.

١٣. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سەرەتایەک لەبارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، بەرێوەبەرایەتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٤. د.هاشم ئەحمەد زادە، زمان ــ ئەدەب و ناسنامە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.


### ب. نامەی ئەکادیمی:


١٥. کانیاو رحمان حەمەد، ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە رۆمانەکانی ((کەریم کاکە))دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە ـ زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٥ .


### ج. گۆڤار و رۆژنامە:


١٦. ئازاد عەبدولواحید کەریم، دەق لەنێوان گوتاری ئایدلۆژی و بنیاتی ئەدەبیدا، گۆڤاری (ئایندە) ، ژ(٥٧)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٤.

١٧. بەختیار سەجادی، رەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخ، گۆڤاری (رامان) ، ژ(٥٥)، ٢٠٠١.

١٨. تەڵعەت تاهیر، ئەدەب گرفتە، یان چارەسەر؟، گۆڤاری (رامان)، ژ(١٨١)، حوزەیرانی٢٠١٢.

١٩. شاخەوان فەرهاد محەمەد، ڕەوتەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)دا ، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (١٨٣)، ئابی ٢٠١٢.

٢٠. عەبدولقادر حەمە ئەمین محەمەد، تێڕامانێک لەسەر ڕۆمانی سەگوەڕ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٢) ، کانونی یەکەم ٢٠٠٣ .



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢١. عادل گەرمیانی، چەند لایەنێکی بینای هونەریی ڕۆمانی ( هەڵکشان بەرەو لوتکە)، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٢٩)ی ساڵی (١٩٩٩).
٢٢. نەجات حەمید، ئەدەب و سیاسەت، گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژ(٢٩)، ٢٠٠٧.
٢٣. هانز بێرتێز، ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیزم و فێمینیزم دەیەکانی ١٩٧٠-١٩٨٠،و: عەبدولخالق یەعقووبی، هەفتەنامەی هزرو هونەر، ژ(٥٠) ٢٠١٣/٦/٢١.

**دووەم: بەزمانی عەرەبی:**

٢٤. د.رودان اسمر مرعي، تطبيقات في السيمياء الأجتماعي للأدب، أتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠١٣.
٢٥. غروموف وكاجان، وظيفه الفن الأجتماعية،ت: عدنان مدانات، دار ابن خلدون للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت.
٢٦. ا.د.قصي الحسين، سوسيولوجية الأدب، دار و مكتبه هلال للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠٠٩.
٢٧. د.محمد زكي العشماوي، الأدب و قيم الحياة المعاصرة، مؤسسة الجائزة عبدالعزيز البابطين للأبداع الشعري، الكويت،٢٠٠٩.
٢٨. ا.د. محمد سعيد فرح، ا.د.مصطفى خلف عبدالجواد. علم اجتماع الأدب، دار المسيرة للنشر و والتوزيع و الطباعة، عمان، ٢٠٠٩.
٢٩. نجاة خوشناو، الرواية الكردية، قراوه التحليله، مطبعة ازادى، ٢٠١٥.

## ملخص البحث

الروايه هى نوع و لكونها تتخذ مساحات واسعه ، بأمكانها أن تجمع واقع حياة المجتمع المعقد و الأنسان فى اطارها و يفسرها. لأن الرواية تولد في المجتمع نفسها، وتولد و تكتب من قبل فرد من افراد ذلك المجتمع ألا وهو الروائي. وهو يحاول أن يتقدم مجتمعه من حاله الى افضل. والفرد من مستوى الى مستوى نام احسن. وبهذا الشكل فللروايه كنص أدبى لها مساحة واسعة وتشمل جميع الجوانب و مجالات والوان المجتمع. وهذا ما جعل أن تكون للرواية اليوم أن تكون واحدة من الكتابات الحية في هذا العصر، لأن النصوص الأدبيه الأخرى من الشعر و القصه و المسرح لا يمكنها أن تعبر عن المشاكل والصعوبات التي يواجها الفرد. هنا الرواية تشارك و بصوره مباشره لتوضيع المشاكل التى تواجه المجتمع وتأن تحت وطأتها. ولهذا السبب تمكنت أن تثبت حيوتها و جدارتها وأن تفتح ابوابها بوجه التعقل و الرؤية السديدة. لذا و عن طريق الرواية يمكننا أن نرى خفايا واقع الحياة الأنسان. عند ذلك يمكن للروائي و بواسطته أن يسلط الضوء على نظرته و أفكاره حول الصعوبات و مشاكل مجتمعه و هنا تضهر العلاقة المتينة بين الرواية و المجتمع. بهذا يمكننا أن نجد بواسطة هذه النصوص خفايا و النضره العالمية للروائيين امام واقع مجتمعاتهم، لأن الرواية بامكانه أن يوضح و ينشر كل جوانب و زوايا المجتمع و يضهر كل الوجوهات و التغيرات في المجتمع. ويمكن فى الأخير أن تجبر المجتمع أن تفكر بأسلوب أخر و تدله على الطريق الصحيح للتغيرات والتحولات و أفاق التقدم، و يضهر مجرى الفكر و نمو التحولات، لأن الرواية كنص مفتوح قابله للتوسع و تتخذ اسلوب و كيفيه تجديد نوعيه السرد. فى سبيل ايصال الرسالة و النية و المقاصد. لهذا للرواية كمهه العصر لها اتصال مباشر مع المجتمع، ولها الجداره أن تتضمن مساحة واسعة في المشاكل المتنوعة للمجتمع وأن تضهر هموم و


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

طموح الفرد و قوميته و ما يصبو اليه. وهذا يثبت بأن الرواية وقد ضهرت كحاجه أن يملأ فراغاً فى روح الأنسان و مجتمعه.

الأسباب الداعية لأختيار هذا الموضوع هي زياده العمل على توضيح العلاقة بين الرواية والمجتمع. و هذه الدراسة تقودنا الى بحث علم الأجتماع الرواية كفرع من فروع علم اجتماع الأدب. و هذا الموضوع في النقد الروائي الكوردي، وخاصه على المستوى الأكاديمي لم يعمل عليه الا عدد قليل جدا. علاوة على ذلك ان اكثرية البحوث الأكاديمية الخاصة بالرواية، اهتمت بالجانب التكنيكي و لم يعملوا الا قليلا حول مضمون الرواية. لذا فأن اهمية بحثنا هذا هو ان لحد الأن وفي الأدب الكردي لم يجري بحث مستقل وعلى هذا النحو حول المجتمع بصورة عامة. حيث يحلل البحث كون و حجم المجتمع في كافة مجالاته في النص الروائي. هذا من جانب و من جانب أخر يشمل كافه الروايات وفي أوقات مبينة مع كل الروائيين . ولأن للمجتمع جوانب و ظواهر مختلفة و مركزة. لذا قد اتخذنا في بحثنا مجموعة من العناوين العامة، والتي يتفرغ منها مجموعة من العناوين أصغر. لذا رأينا انه من الواجب علينا أن نقدم عملا حول هذا الموضوغ و نعرض هذا البحث.

## Abstract

The novel is a kind and that takes a large spaces, it can gather the reality of the complex society and human life in its framework and explain it.is born in the same society, and is generated and written by an individual member of that community and is a novelist. He tries to make his society better. And the individual from one level to the next. In this way, it is a text that has a wide area covering all aspects, areas and colors of society. This made today's novel one of the most vibrant writings of this age, because the other literary texts of poetry, story and theater can not express the problems and difficulties faced by the individual. Here the novel is directly involved in the inflation of the problems facing the society and its strength. It is for this reason that it has been able to prove its vitality and merit and to open its doors to reason and vision. We can see the reality of human life. In this way, the narrator can shed light on his views and ideas on the difficulties and problems of society, and here the relationship between narration and society is amplified Thus we can find through these texts the hidden and universal narratives of the narrators in the face of the reality of their societies. That narration can explain and spread all aspects and angles of society and reflect all the faces and changes in society. The latter can force the society to think in another way and demonstrate the correct way of changes, transformations and prospects of progress, and revolutionize thought and transformations, Because the novel as an open text can be expanded and take a style and how to renew the narrative. In order to convey the message, intention and purpose. This novel has a direct connection with the community, and has the merit to include a large area in the various problems of society and to reflect the concerns and aspirations of the individual and his nationality and what is in him. This proves that the novel has been made as a need to fill a void in the spirit of man and his community.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)